UNITED KURDISTAN

# یەکبوون

کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە و دابەشکراون

JUNE 2011 یەکبوون ١٥ پووشپەری ٢٧١١




## لەم ژمارەیە دا :

* ناسیونالیزم شانازییە بۆ ئێمەی کورد...بۆ لاپەرەی ٢
* بۆ شارەکەم سەردەشت...بۆلاپەرەی ٤
* ژنی کورد واتای کۆیلەتی نوێ.. بۆ لاپەرەی ٦
* لە دەهەی ١٩٢٠ ئاواتی دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد ... بۆ لاپەرەی ٧
* بەبۆنەی رۆژی جیهانی پەنابەران ... بۆ لاپەرەی ١٠
* هونەری رەخنە گرتن و قبوڵکردنی رەخنە ... بۆ لاپەرەی ١١
* چیرۆک بۆ منداڵان ... بۆ لاپەرەی ١٣
* تەندروستی ... بۆ لاپەرەی ١٤
* وتەی زانایان ... بۆ لاپەرەی ١٥
* پەندی پیشینیان ... بۆ لاپەرەی ١٦
* رۆژ ژمێری مێژووی کوردستان مانگی پووشپەر... بۆ لاپەرەی ١٧

# ناسیونالیزم شانازییە بۆ ئێمەی کورد

نووسینی: ناسر قادرپوور

ناسیونالیزم دیاردەیەکی زۆر ئاڵۆزە و تا ئیستا بە چەندین شێوە پێناسە و قسە و لێکدانەوەی جیاوازی لە سەر کراوە. سەرەرای تەمەنی درێژی دیاردەی ناسیونالیزم کە چی لە ئاستی تیوری دا کەمتر گرنگی پێدراوە .



ناسیونالیزم یەکێک لەو "لیزم" انەیە کە رۆشنبیر یان تیوریسونی خۆی نیە. لیبراڵیزم، سوسیالیزم، کۆمۆنیزم، فاشیزم، هەموویان تیوریو و فەلسە فە ی تایبەت و ناسراویان هەیە. بەڵام ناسیونالیزم تا ناوەراستی هەشتاکانی سەدەی بیست بێ فەیلەسووف و بێ رۆشنبیر ماوەتەوە. راستە لێرەو لەوی، ئەم فەلسە فە یە یان ئەویدی، فلان یان فیسار تیۆریسون، شتێکیان لە سەر ئەم لایەن یان ئەو لایەنی ناسیونالیزم گووتوە. بەڵام لای کەس بابەتی سەرەکی بیرکردنەوە و قسە کردن نەبووە. تەنیا لە سەرەتای هە شتاکانەوە ناسیونالیزم وەک دیاردەیەکی سیاسی و کولتوری و کۆمەڵایەتی سەرنجی ژمارەیەکی زۆری لێکۆڵەرەوە و زانای کۆمەڵایەتی رادەکێشێت و دەبێتە شیکردنەوە و ویردی سە ر زمان، ئەم سرنج راکێشیانەش لە زۆر رووەوە وابەستەی ئەو گۆرانکاریە بنەرەتیانەیە لە هەشتاکان و نەوەدەکانی ئەم سەدەیە دا روویان دا، هەر لە کەوتن و لە بەر یەک هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتوریەتی کۆمۆنیزم و بەشبەشبوونەیەوە بۆ چەندان دەوڵەتی نەتەوەیی جیاوازەوە بیگرە تا بە کۆی ئەو هەموو بزاوتە ناسیونالیزمیانەی دیکەش دەگات کە بەشێکی گەورەی فەزای سیاسی هەشتاکان و نەوەدەکانی بە رەنگی خۆی رەنگریژ کردەوە. ئەم ئامادە کاریە سەخت و هەموو لایەنیەی ناسیونالیزم لە مێژو دا وای کردووە لە هەشتاکانیشەوە ببێتە بابەتی زانستە کۆمەلایەتیە جیاجیاکان و هەزارەها لاپەرەی لە سەر بنوسرێت.

لە ناو ئەو هەموو نوسینانە دا چوار تیوریسون گرینگترین مەسەلە بیروکە کانی ناسیونالیزمیان لە دنیای ئاکادیمی و بواری زانستە کۆمەڵایەتیەکان دا لێکداوەتەوە، هەریەک لەم تیوریسینانە رای تایبەتی خۆیان بەرامبەر بە مەسەلەی نەتەوە و بزواتی نەتەوەایەتی و سەرچاوەکانی پەیدابوون و هێز و قۆرسایی نەتەوە و گرینگی بزوتنەوەی نەتەوایەتی لە ناو مێژوی هاوچەرخ و داهاتوی مروڤایەتی دا هەیە.

رەنگە خاڵی هەرە سەرەکی جیاوازی نێوان ئەم نوسەرانە لەوە دابێت کە سێ نوسەری یەکەمیان ناسیونالیزم لە پاڵ تیوریە مۆدیرنیستەکاندا لێکدەدەنەوە، و نەتەوەو، ناسیونالیزم بە لە دایک بوونی دە ورانی مۆدێرنیتە ئەزانن، لە کاتێکدا چوارەمیان پێی وایە رەگەکانی نەتەوە بۆ بەر لە قۆناغی مۆدێرنیتە دەگەرینەوە و نەتەوە بەرئەنجامی گەشەی ئەو ئەتنیکیە بچووکانەیە کە بەر لە درستبوونی مۆدێرنیتە بوونیان هەبووە. با سرنجێکی قوڵتر لەم جیاوازیە بدەین.

بە رای ناسونالیستە کان دروست بوونی نەتەوە بە بێ گۆرانە ئابوریەکانی دە ورانی پێشەسازی و هاتنە کایەی سیستمی خوێندنی مۆدێرن و گەشەی زمانی هاوبەش و دروس بوونی تاکە کەسی مۆبیل و بازارە گەورەکان مەحاڵە. ناسولیستە کان ئەو سەرەتا مارکسییە قبووڵ دەکان کە نەتەوە بە لە دایکبووی کۆمەڵگەی پێشەسازی دەزانێت، نەک هەر ئەمە بەڵکو باوەریان وایە نەتەوە پێشینی دێرین نییە، بەڵکو بوونێکە دەبێت هەنگا و بە هەنگا و بنیاد دروست بکرێت. بە باوەری من ئابوری پێشەسازی لە یەک کاتدا پێویستی بە دوو شت هەیە، یەکەمیان: کولتورێکی نوێی ناوە ندییە. دووەمیان: دەوڵەتێکی نوێی مەرکەزییە. هەر یەکیکێش لەم دووانە پێویستیەکی حەیاتیان بەیەکتری هەیە و بە بێ یەکتری زەحمەتە دروستببن. هەم ئەو کولتورە مەرکەزییە پێویستی بە دەوڵەتێکی مەرکەزی هەیە بۆ بنیادنان و دروست بوونی، هەم دوڵەتیش پێویستی بەو کولتورە مەرکەزییە وێکچوو و هاوبەشە هەیە بۆ پتەو بوون و چەسپاندنی پایەکانی. لە هەر قۆناخیکدا دا ناسیونالیزم ئەو کولتورەیە ئەم رۆڵە هاوبەش و مەرکەزییە دەبینێت.

ئەوەی من لەم خاڵەدا مارکسیزمی ئۆرتۆدەکسی جیا دەکە مە وە، تێروانینیەتی بۆ مەسەلەی ناسیونالیزم. من ناسیونالیزم بە بەرهەمی ئیەلیتەکانی نەتەوە دە زانم، بەڵکو بە پێچەوانەوە نەتەوە بە بەرهەمی ناسیونالیزم دادەنێم. بە مانایەکی دیکە دەڵێم ئەوەی بزاوتی نەتەوەیی دروست دەکات نەتەوە نیە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەوەی نەتەوە دروستدەکات بزاوتی نەتەوەییە .واتە لە تێروانینمان دا بۆ پەیوەندی نێوان نەتەوە و بزاوتی نەتەوەیی نابێت پێمان وا بێت سەرەتا نەتەوەمان هەیە و ئینجا ئەم نەتەوەیە بزاوتی نەتەوەیی دروست دەکات. بە پێچەوانەوە بزاوتی نەتەوەیی دروست دەبێت بۆ ئەوەی نەتەوە دروست بکات. ناسیونالیزم نەتەوە دروست دەکات نەک بە پێچەوانەوە. بزاوتی نەتەوەیی هەموو ئەو بنەما کولتوری و دەزگاییانە دروستدەکات کە لە رێگەیانەوە نەتەوە وەک بوونێکی وێکچوو دروست دەبێت .بە کورتی بە باوەری من نەتەوە بەرهەمی بزاوتی نەتەوەییە نەک بە پێچەوانەوە. لەم خاڵەدا ئە من خۆم لە تیورە رەسمیەکانی مارکسیزم لە سەر نەتەوە و ناسیونالیزم جیادە بینم.

بە پێچەوانەی پیم وایە لە دایکبوونی نەتەوە و دروستبوونی بزاوتی ناسیونالیزم تەنها بە بنەمایەکی ئابورییەوە نابەستیتەوە بەڵکو راستە و خۆ گرێیان ئەدات بە لە دایک بوونی ئەو شتەوە کە ناوی دەنێن "ناسیونالیزمی چەپ". لە کاتێک دا ئیمە تەماشای بنەما ئابورییەکان و ناسیونالیزم وەک کولتوری قۆناغی پێشەسازی ناونووسدەکاین، ئەمن پیموایە دروستبوونی نەتەوە بە بەرهەمهێنانی ئەو ژێرخانە کولتوریەوە دەبەستریتەوە کە هەلی ئەوە دەرەخسێنێت نەتەوە وەک (تاقمێکی فانتازیا کراو) وێنا بکرێت. بە لای منە وە گەشەکردنی شێوە نۆییەکانی پەیوەندی کردن، بەتایبەتی لە دایکبوونی رۆژنامە و رۆمان و چاپەمەنی زۆر و کتێب و بڵاوکراوە، کە ئامرازی گرنگی پەیوەندی کولتورین، ئەو زەمیینە دەرخسێنێت کە نەتەوە تێیدا وەک پێکهاتێکی هاوبەش و وێکچوو وێنا بکرێت. ئە من باوەری وایە ئەوە میدیای نوێیە، بە تایبەت رۆژنامە، وادەکات لای زۆربەی خەڵک فانتازیایەکی هاوبەش دروست ببێت، چوونکە هەموویان یەک هەواڵ و یەک لێکدانەوە و یەک بابەتیان بە یەک زمان پێشکەش دەکرێت. هەموو ئەمانە بە سەر یەکەوە وا دەکەن بناغەکانی ئەو هەست و فانتازیا گشتیە لە دایک ببێت کە بوونی نەتەوە وەک تاقمێکی سیاسی فانتازیا کراو پێویستی پێیەتی. بە کورتی ئیمە لە دایک بوونی نەتەوە و بزاوتی نەتەوەیی بە مۆدێرنیتە گرێبدەدات، بەڵام لە باتی پێداگرتن لە سەر رۆڵی ئابوری زیاتر پێ لە سەر رەهەندە کولتوورییەکانی مۆدێرنیتە دادەگرێن.

لە سەر هەمان خەتی ئە من پیموایە کە، مێژونووسی ئینگلیزی ئێریک هۆبزباومیش پێیوایە نەتەوە داهێنراوێکی سیاسی تازەیە نەک بوونێکی بابەتی و دوزراوەیەکی دێرین. بە باوەری هۆبزباوم زۆربەی ئەو شتە هاوبەشانەی نەتەوە باسیان دەکات و بە بنەمای بوونی خۆی دەزانێت لە راستی دا بوونێکی بابەتییان نیە و تا رادەیەکی زۆر دروستکراو داهێنراون، ئەم داهێنراوانەش بە هۆی ئابوری و میدیاو هۆیەکانی پەیوەندیی کردنی نوێوە بە ناو کۆمەڵگەدا بڵاو دەکرێنەوە و دەکرێنە بەشێک لە خەیاڵ بۆ هەمووان. لێرەوە ناکرێت دروستبوونی نەتەوە لە مۆدێرنیتە جیا بکەینەوە، چونکە پێش لە مۆدێرنیتە ئەم تواناو هەلومەرجی بە هی هەمووان کردنە لە ئارادا نەبوو .

بەڵام ئانتۆنی سمیس بە پێچەوانەی ئەو بیرۆکانی سەرەوە و لە وەڵامدانەوەیەکی رخنەییدا بۆ ئەو تیورانە لەبارە ی لە دایکبوونی نەتەوە، بۆچونی وایە کە بەر لە دە ورانی مۆدێرنیتە، نەتەوە یان ئەو پێکهاتانەی لە نەتەوە چوون، وەک تاقمی ئەتنی بچوک، هەبوون و نەتەوە لە قۆناغی مۆدێرنیتەدا شتێک نیە جگە لە بەردەوامی و گەشە کردنی ئەو تاقمە ئەتنیکانەی، بەر لە مۆدێرنیتە لە ئارادابوون. بە باوەری سمیس رەگەکانی نەتەوە قووڵ لە مێژوودا دابەزیوە و بەر لە دروستبوونی نەتەوە هەمیشە تاقمی ئەتنی هەبوون کە بنەمای دروست بوونی نەتەوەیان پێکهێناوە. لێرەوە ئێنتیما بۆ زمان، بۆ کولتور لای سمیس کوتترە لە هاتنە کایەی دە ورانی مۆدێرنیتە .

لەم باسەی ئێمە دا ناسیونالیزم بەو مانایە بە کار هاتووە کە ئە من بە چەمکی ناسیونالیزمی دائە نیم. لە راستیدا بۆچوونی من بەرانبەر بە ناسیونالیزم و ئەو پەیوە ندییەی ناسیونالیزم وەک بزاوتێکی سیاسی بە مەسەلەی دروستبوونی نەتەوەوە هەیەتی تا رادەیەکی زۆر لای زۆربەی لێکۆڵەرەوەکانی بوارە جیاوازەکانی زانستە کۆمەلایەتیەکان پەسەند کراوە. لە سەر هەمان هێڵ ئەم نوسینەش هەمان بۆ چون قەبووڵدەکات و لە نێوان دروستبوونی ناسیونالیزمی کوردیی و مۆدێرنیتەدا پەیوەندیەکی پێکهێنەرانە پێشنیار دەکات. وەک وتمان ئێمە ناسیونالیزم بە بەرهەمی مۆدێرنیتە دەزانێن، بەڵام ئایا مەبەستی ئێمە لە چەمکی ناسیونالیزم چییە؟

بە باوەری من ناسیونالیزم بریتیە لە" پرەنسیپێکی سیاسی گریمانی ئەوە ئەکات کە دەبێت یەکیەتی سیاسی و یەکیەتی خاکی نەتەوەیی هاوشانی یەکتری بن". بە مانایەکی دیکە ناسیونالیزم ئەو بۆچوونە سیاسییەیە کە پێیوایە خاکی هاوبەش و یەکگرتووی نەتەوەیەکی دیاریکراو دەبێت سیستمێکی سیاسی هاوبەش و یەکگرتووی هەبێت. لە شوێنێکی دیکەدا ئەم پێناسەیە وردتر دەبیتەوە و "بە شێوەیەکی گشتی ناسیونالیزم ئەو هەوڵدانەیە بۆ ئەوەی کولتور و ئیدارە پێکەوە کۆببنەوە، ناسیونالیزم هەوڵی ئەوە دەدات کولتورێک سەرپۆشی سیاسی خۆی وەرگرێت، بەڵام تەنها یەک سەرپۆشی سیاسی". وەک ئاشکرایە ئە من لە هەر دوو بارەکەدا ناسیونالیزم وەک بزاوتێکی سیاسی پێناسە دەکەم و ئامانجە سەرەکیەکانی دەبەستێنەوە بە دروست کردنی کیانێکی سیاسییەوە بۆ کولتورێک یان خاکی نەتەوەیی یەک گرتوو .ئەو چەمکانەی ناسیونالیزم بۆ ئەنجامدانی ئەم ستراتیژە سیاسیە کاریان پێدەکات بە پلەی یەکەم برێتیین لە کولتوری یەکگرتوو، خاکی یەک گرتوو، لە گەڵ ئەو ئیدارە سیاسیە یەکگرتووەدا کە ئەم شتانە بە یەکەوە کۆدەکاتەوە و دەبێتە چەتری سەر سەریان. بەم مانایەی ئێمە بە چەمکی ناسیونالیزم ئەدات ناتوانین قسە لە بوونی بزوتنەوەیەکی ناسیونالیستی بکەین بەر لە رۆژگاری مۆدێرنیتە. چوونکە مۆدێرنیتە بنەمای ئەو هەموو شتە لێکچوانە دەرەخسێنێت کە ناسیونالیزم پێویستی پێیەتی.

بنەما کولتوریەکانی نێوان ناسیونالیزم و مۆدێرنیتە زیاتر لای ئیمە کورد روونکراوەتەوە، کە دەڵێت: نەتەوە "تاقمێکی سیاسی فانتازیا نییە". ئەوەی لەم پێناسەیە دا گرنگە کاراکتەری فانتازیانەی نەتەوەیە. نەتەوە وەک بەرهەمی جۆرێکی تایبەتی خیالاتی کە توانایەکی تایبەتی فانتازیای سیاسی و کولتوری مەیسەر دەکات. ئیمە ئەو جۆرە فانتازیایەی نەتەوە دەخولقێنێت لە جۆرەکانی دیکەی فانتازیا جیادەکینەوە. بە باوەری من فانتازیای نەتەوەیی فانتازیای تاقمێکە کە خۆی لە ئیمپراتوریەت بە بچوکتر دەزانێت وەیکچوون لە هەمانکاتدا خۆی لە خێڵ و تاقمە بچووکەکانی بەر لە نەتەوەش بە گەورەتر دەبینێت. بە مانایەکی دیکە پیم وایە: بۆ پەیدابوونی نەتەوە پێویستیمان بە ئیمپراتۆریەتە گەورەو و فرەنەتەوەییەکانە، دووهەمیان فانتازیای خێڵ و تاقمە ناوچەییە بچووکەکانە. بە باوەری من بە بێ ئامادەگی مۆدێرنیتە دروست بوونی فانتازیای نەتەوەیی مەحاڵە، چونکە مۆدێرنیتە کە دەوڵەتی نەتەوەیی لە گەڵ خۆی دا دەهێنێت، ئەم دەوڵەتە وادەکات لە سەرێکەوە فۆرمی ئیمپراتۆریەتە گەورەکان هەڵوەشێتەوە، لە سەرێکی دیکەوە کاپیتالیزمی چاپ و نووسین دەبنە هۆی لە بەر یەک تری هەڵوەشاندنەوەی بنەماکانی فانتازیای تاقمە بچووکەکانی وەک خێڵ. لێرەوە بۆ ئەوەی فانتازیایەکی هاوبەش، سیستمی سەربازی هاوبەش، فە رهە نگی زمانی نەتەوەیی، ئەتڵەسی نیشتمان، ئاماری نەتەوەیی، هەیە. ئەم ئامرازانەش کە توانای بەرهەم هێنانی ئەو جۆرە تازەیەی خەیاڵیان هەیە کە دە بێت لە و رێگایەوە نەتەوە خۆی وەک تاقمێکی سیاسی تایبەت و سەربەخۆ بنا بکات، ئەم ئامرازانەش بەرهەمی مۆدێرنیتەن و بەر لە مۆدێرنیتە بوونیان نەبووە.

وەک ووتم ناسیونالیزم لەم باسەی ئێمە دا بە مانا یە بە کار هاتووە و لە بنەرەتدا وەک پرە ینسیپێکی سیاسی مامڵەی لەگەڵدا کراوە، بەڵام ئەو مانایەی لەم نوسینەدا بەو پرەنسیپە سیاسیە دراوە فراوانترە لەو مانایەی کە ئیمە پێ ئە دە ین. لای ئیمە ئەو پرەنسیپە سیاسیەی ناسیونالیزم بەرجەستەی دەکات برێتیە لە بنیادنانی دەوڵەتی نەتەوەیی، بەڵام لەم نووسینەی مندا ئەم پرەنسیپە هەموو ئەو بزاوتە سیاسی و ئایدیالوژیانەش دەگرێتەوە کە هەوڵی بنیادنانی شوناسێکی فانتازیا کراوی نەتەوەیی ئەدە ین بە بێ هەوڵی دروست کردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی، بە تایبەتی ئەو بزاوتانەی کە هەست کردنی تاقمێکی بە بوونی خۆی وەک نەتەوە بە هێز کۆمەک دەکەن، بە بێ ئەوەی بە هێز بوونی ئەم هەستە بە بنیادنانی دەوڵەتەوە ببەستێنەوە .لێرە دا ناسیونالیزم، بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی ترە وە، مەرج نیە هەمیشە فۆرمی دەوڵەت یان هەوڵی بنیادنانی دەوڵەت بگرێتە خۆی، بەڵکو دەبێت چەندان فورمی سیاسی و کومەڵایەتی دیکە بگرێتە خۆی لە دەرەوەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا. بە باوەری من تا ئەو شوێنەی کولتورێک رێگری سیاسی لە بەردەمدا نەبێت بۆ تەعبیر کردن لە خۆی، ئەگەری ئەوە هەیە ناسیونالیزم دامەزراندنی دەوڵەت وەک ئامانج نەبینێت. لە کۆمەلگەیەکدا لیبردوویی و فرە کولتوری قبووڵبێت و تاکە جیاجیاکان لە سەر بنەمای هاووڵاتیبوون و تاقمەکان لە سەر بنەمای مافی دەستەییان قەبووڵکرێن، ئەوکات دەبێت بزاوتێکی ناسیونالیزمی دروست ببێت باس لە دامەزراندنی دەوڵەت نەکات، دە نا پێکهینانی حکوومەتێکی سەربەخۆ لە ئارادایە.

ماڵپەری گیارەنگ





# بۆ شارەکەم سەردەشت.

سەعید مامەندی

بۆ دوایە دەگەڕێمەوە، سەیری مێژوو دەکەم. رووپەڵەکانی دیرۆک هەڵدەدەمەوە. مێژوو پەڕپەڕە و مێژی وەستیایە. هەرچی ورد دەبمەوە و بەناخی دا رۆدەچم، زۆر ئاستەمە بەدڵی خۆم بە ئاوات بگەم.

مێژووش وەک خەبات و پێشمەرگایەتی هەوراز و نشێوی زۆری هەیە. باس لە چاکە و خراپە دەکات، خێر و شەڕی دابەش دەکرێ. وەک حیزب حیزبێن شتێک لە بەرژەوەندی خۆی دا نەبێ؛ پشتگوێی دەخات و ئەمرۆ و سبەی پێدەکات.

تاوان و کارەساتەکان لە کەو و بێژینگ دەدا؛ هەڵبژاردەی خۆی هەڵدەگرێ و یاغەکانیش وەلا دەنێ. کۆمەڵکوژی و مرۆڤ قڕکردن،ئەنفال و قڕان و گۆڕی بەکۆمەڵ، سووتاندنی گوڵ و خاک و منداڵ، وشک کردنی کانی رووبار، ژەهراوی کردنی سروشت و خۆزا، مرۆڤ رفاندن و چاوبەستن، زمان بڕین و کەلەبچە کردن،هێلانە شێواندنی مەل و پەلەوەر، بەکارهێنانی چەکی قەدەخەکراو لەلایەن کۆمەڵی پێشکەوتووی بەشەری، بەندکردنی مامۆستا و قوتابی و زۆر بابەتی دیکە لەکاتی خۆی دا لەبەر چاو ناگرێو راسپاردەی رۆژی مەبادای دەکات. ئەم کارەسات وئازار و دابەشکردنانەی بەبەژن و باڵای کورد براون؛ دەکرێ لەم چوارچێوەیە دا دابنرێن. هەربۆیە زۆر بەکەمی رەنگ و دەنگیان هەیە.

ئێمەی کورد لە گشت بوارێکەوە گەمارۆ دراو و داگیرکراوین. لە وڵاتی ئێمە کەم شت پێوانەی راستینەی خۆی بۆ دەکرێ. بوختان و درۆ، پێچەوانە و ئاوەژوو، ناو و ناتۆر، پێ هەڵداگوتن، ناو دەرکردنی بەخۆڕایی، کەڵەکەی سەرمایەی نەزۆک، لەخۆڕا بوون بە مامۆستای دێموکڕاسی، دەوڵەمەند بوون و زەنگینی لە نەکاو،جمگە و رنوو، هەرەس و داپڵۆسین، خۆ بەکەم گرتن و بێگانە پەرستی بازاڕ و باوی زۆریان زۆریان هەیە .هەربۆیە کەسانی نەخۆش و قین لەدڵی وێنەی سەددام، رەزا شا و حەمەی کوڕی، ئەتای تورکان و ئەسەدی سوری؛ تەرازوی بەختیان بۆ سەردەمێک سەردەکەوێ و مرۆڤە ساکار و دڵپاکەکانیش، شیمیایی و زام، دەربەدەری و نەداری بەش و نسیبیان دەبێ.

هەڵسەنگاندن و پێوانەکان ئاڵۆز پێچەوانەن. لێرە پێشمەرگە و گەریلای کورد بە تێکدەر، دژی شۆڕش و تیرۆریست ناودێر دەکرێ و هێزی داگیرکەریش پارێزەری ئاساییش و چاک و ئەسحابە پشکی دەبێ. مرۆڤی کورد هیچ دەورێکی لەشەڕ هەڵایساندن، سنووربەزاندن و دابەش کردن دا نییە. وڵاتەکەی لە مەڕ خۆی دابەش و داگیرکراوە و خۆی بە پێناسەی تورکی، ئێرانی، سوریایی و عێراقیەوە هەڵدەکێشێ؛ کەچی لەبەشە خێر و بەرەکەتی ئەو وڵاتانەش دا هیچی پێ نابڕێ .لە کەڵەمستێن و شەڕ و شوڕ دا سوارچاکی گۆی زەوییە. بۆ ئیسلام و کومونیزم، بۆ دێموکڕاسی و پاراستنی سنوورەکان، بۆ ئاو لە ئاشی دوژمن کردن، بۆ یەک نەگرتن و هێنانی هێزی داگیرکەر بۆکوردستان کەس تای ناکا. سەرەڕای ئەوانەش نەتەوی بەتاوانی جیاوازی خوازی گەل و وڵاتی دەسوتێنێ.

برین و ئازار و ئاوازەکان هێندە زۆرن بە چۆرت و تەسبیحی سەت و یەک دەنکیش دەحیساب نایەن .ریز کردنی ناوی کارەسات و رووداوەکان، قوربانیانی خەبات و خوێنی رزگاریخوازی نیشتمانی، بڕیار و پەیمانە دەرچووەکان سەبارەت بە کۆت و زنجیر کردنی کورد و کوردستان ژمارەیان لە رادە بەدەرە. ئێمەی کورد گەل وا بێدەسەڵات و بەستەزمان کراوین، ئێستاشی لەگەڵ بێ خاوەنی مێژوو یان پەیمانێکی رێک و پێکی هاوبەشی نووسراوی کوردانە نین. لێکدابڕانی کورد و بەستنەوەی بە چوار وڵاتی رەگەزپەرستی تورکیە، ئێران، عێراق و سوریە کوردی تووشی فرە نەهامەتی و قوربەسەری کردووە. هەزار داخ و مەخابن کاریگەری ئەم زۆرداریە گەیشتۆتە شوێنێک پڕ جار تاکی کورد گۆرانی و موسیقای داگیرکەرانی لە هی خۆماڵی پێ خۆشترە. دەیان جۆر شایی و گۆڤەندی رەسەنی کوردی بە سەما و رەقسی نەیار دەگۆڕێتەوە.

خەبات و خۆڕاگری، سەرکەوتن و پاشەکشە، شاخ و پێشمەرگە، برسییەتی و نەداری، رەوکردن و راونان، ماڵوێرانی و دەربەدەری، کڵاو چونەسەر و فریو خواردن، شەڕی نێوخۆ و براکوژی وەک پیشەی کوردانی لێ هاتووە. لێ جارێک لە جاران گرێبەستێکی نەتەوەیی کوردانە لە دژی داگیرکەرانی کوردستان مۆر نەکراوە. هەر حیزب و رێکخراوێک لە گۆڕی بەرنامە و سۆزی خۆی خەبات و خو و خدەی دیاری دەکا. هەر کەسیش دەزانێ برینەکان لە یەک جەستەن و دەنگ و دیمەنەکان شەنگاڵن. کوردستان و کورد، چارەنووس و چوارچێوەی مافەکانی لێک جیا ناکرێنەوە. شەڕی چاڵدران و ئاکامەکانی خەنجەرێکی ژاراوی بوون لە هەیکەلی کورد دران. ئەو برینە قوڵە هەتا ئێستاش سارێژ نەبووە. تیراوەیە و هەر هەڵدەداتەوە. پەیمانی لۆزان و ئەلجەزاییریش دەستە برای درێندەی ئەو بێ بەختییەن.

شێخی شەمزینان، شێخی دێرسیم، شێخی بەردە قارەمان، قازی و سمکۆی رۆژهەڵاتی کوردان، میری بابان، رەواندز و ئەردەڵان پێشەنگ و رێبواری یەک رێگا بوون. خانی و حاجی، هێمن و جگەرخوێن، مەلا و فەقێ، بابا تاهیر و هەژار، نالی و بێکەس، مەولەوی و شامی هۆزانڤانی یەک نەتەوە بوون و بۆ کوردستان دەیانناڵاند. کاوەیس ئاغا، تاهیر تۆفیق، موحەممەد شێخۆ، ئەسغەری کوردستانی و شاکیرۆ هاوخەم بوون و لۆ کورد و کوردستان ستران وگۆرانییان دەچڕی. شەڕەفخان، زەکی بەگ، مەستورەی ئەردەڵان و گیو موکریانی دیرۆک و مێژووی کوردیان نووسیوە و بە شتەق داگیرکەری کوردستانیان هەڵنەگوتوە. پیرە مێردی پیری دەستی کوردان لە سوێی کوردستان بوو بە مریدی نەورۆز و مامەیارە .زەکیە ئاڵکانیش هەر بۆئاخ و نیشتمان ئاگری نەورۆزی لە خۆی بەردا.

سووتەمەنی کڵی ئاگری خەبات لە نێو کۆمەڵی کوردەواری وەخڕ دەکرێ و گڕی ئاگرەکەش هەر چڕ و چاوی خۆمان دەسوتێنێ. ژیلەمۆ ئێمەین و ژان ئێمە دەیچێژین .کورد زگی دەسوتێ و کوردستان کاول دەبێ؛ بارەقەڵڵا و ئافەرینیش لە نێوچاوانی ئێمە نانووسرێ!!! ئێمە گیانێکی یەک جەستەی کون کون و زامدارین. سەدان ساڵە شوانکارە و سەپانی داگیکەرانین. بە فیتو و باڵۆرەی ئەوان دژی یەکتر شەڕ دەکەین. بە دەهۆڵ و زوڕنای ئەوان هەڵدەپەڕین و یەکگرتوو نابین. نازانم هۆرە و سیاچەمانەی هەورامان، لاوک و حەیرانی دەشتی هەولێر، گەلۆ و سوارۆی سابڵاخ، لۆری لۆری ئامەد و لایە لایەی قامیشلی، سۆز و لاواندنەوەی دایە بەهێ و دایە سەڵتەنە یان دایکانی جەرگ سووتاوی دیکەی نیشتمان؛ بۆ کام بەشەی کوردستان، بۆ کام برین،بۆکام کارەسات و نسکۆ بێژم و هەڵرێژم. گەرچی هەموو برینێک ئێش و سەردەمی تایبەت بەخۆی هەیە؛ بەڵام داخ و خەمی قەڵای دم دم، قانگ دان و خۆ بەچۆم دادانی دێرسیم، سێدارەی چوار چرا، سووتانی سینەمای ئامود، نەورۆزی بەخوێن شەڵاڵی سنە و قامیشلی، ئەنفال و هەڵەبجە، رەوی بە کۆمەڵ و شیمیابارانی شارەکەم سەردەشت بە رزگاری گشت کوردستان و سەربەخۆیی کورد نەبێ تۆڵەیان ناکرێتەوە.

وەک چۆن ئاوارە و ئارام، عەگید و هارون، مەزلوم دوغان، مەلا عەلی، شیرین و لەیلا قاسم، فەرزاد و شەهیدانی تری رێی رزگاری کورد و کوردستان جێی رێز و وێردی سەر زارانن؛ هەرواش برینەکان لە رۆژی خۆیان دا دەکولێنەوە و داوای تۆڵە و بەردەوامی بەرخۆدان دەکەن.

سەردەشت لە سۆنگەی شەڕی نێوان دوو داگیرکەر دا سووتا و شیمیاباران کرا .ئەمڕۆ داگیرکەری تورکیش بۆتە سەربار. سێ داگیرکەر پێکەوە و بەجیاش رق بە شار و دەڤەری سەردەشت دەڕێژن. بۆ؟؟؟ پرسێکە و بێ وڵامە. یان وڵام دانەوەی ئاستەم و دژوارە. ئەوەندە دەزانم ئەم مەڵبەندە لانکەی شۆڕشی مەزنی کوردستانە. گوێ بۆ هەموو دەنگێکی خۆش رادەگرێ، ئامێز و باوەشی بۆ هێز و رێکخراوە کوردیەکان ئاوالایە و زۆر جاریش خانەخوێی هێزە دژبەرەکانی سەرا سەری ئێران و عێراقیش بووە. کەمن ئەو هێزانەی لە رۆژی تەنگانە و ئەنگوستە چاو دا

دەست و داوێنی چیا و کێوە سەربەرزەکانی دەڤەری سەردەشت نەبووبن. هەر لایە لایەی تۆژەڵ و خرِی ناوزەنگ؛ پێشمەرگەی دوێنێی کردە سەرکۆماری ئەمرۆ. پێگەی خەبات و کوردایەتی سەردەشت و دەڤەری کردۆتە گوڵێک هەموو درِک و داڵێک لێی دەهاڵێ و بۆنی پیسی گازی خەردەل دەیشەمزێنێ و شەهیدەکانی بە ئاوی ژیان دەشۆرێن ودەبنە خدری زیندووی سەردەم.

٢٨ی ژوئەنی ٢٠١٠ ستۆکهۆڵم****************************************************

# خنکاندنی شاری سەردەشت....

نووسینی :عەزیز شێخانی / ۷ ی پووشپەڕ





شار تەنیایە و دنیای مرۆڤایەتیش، لە بیستنی کارەساتدا کەڕ و بێدەنگە
ئێوارەیە و شنەی شەماڵی ئێوارەی پووشپەڕ
بسکی کیژۆڵەی شار دەبزوێنێت
باوەش باوەش، بۆنی گژ و گیای سرووشت و
بۆنی گوڵ و ریحانەی سەر بانیژەی گوندەکان
بۆ ئامێزی سەردەشتی بسک سەوز دێنێت
ئێوارەیە و چیرۆکی شار، لە هەنبانەی گردەسوور دا
خەریکە تیشکی خۆری پووشپەڕ
وەک سەرچاوەی ژیان و رووناکی
بۆ پێدەشت و دارستان و رەز و رووبار دەبات
ئێوارەیە و سێبەری مەرگ و ئاگری شەڕی دوو داگیرکەر
بەر بە سەوزەڵانی شار و سرووشت دگرێت
سێبەری نەهامەتی و مەرگ و وێرانی



بە گژ ئێوارەی پووشپەڕی ئاودەانی و مەزرادا دەچێتەوە
سەردەشت وێنە و نوێنەری ئەهورا مەزدایە و
شەڕی دوو دیکتاتۆری رەشپەرەست و بێ ئاگایە
شار نوێنگەی زەردەشتی رووناکی و دژی تاریکییە
ئاسمانیش تۆز گرتویی غەریبی شار و فرمێسکی نادیارە
ئاسمانی بێ نازی شار و گڤەی بایی ئێوارە
دێنە هەواری غەم و سەر بە باوەشی گۆڕستان دا دەکە ن
دەنگی ناسازی پەلاماری نامرۆڤانە و



گرمەی پرژانی گازی خنکێنەر و شار کوژ، پەیامی مەرگە
شار خنکیندرا و سەوزەڵانی بوونی سەردەشت
کەوتە بەر پەلاماری خەردەلی وێرانی



سیمای پووشپەڕی ژیان و جووڵەی شار بوونەتە دیلی
نەیارانی ژیان و کورد کوژانی سوێند خواردو، بەرووحی ئەهریمنی
گەڵای سەوزی دارستانی گۆڕستان هاتنە سەما
باڵای گردە سوور هاتە سەر چۆکی خەم و کۆست
سەرچاوەی شار بو بە فرمێسکی بە خوڕی خەمباران و
رێچکەی شار بۆ هەموو گۆند و لایەک بوونە دەنگی هاوار
ئێوارەیە و ئێدی بۆنی گژو گیا و ریحانە هەموویان
لە بەردەم کۆستی گەورەی شار دا بێ بۆنن



کیژی شار و بسکەکەی بەرەو باوەشی ئێوارەی بێدەنگی و
بەرەو جیهانی نامۆیی راکێش دەکرێن
خۆری تیشک زەرد، لە دیتنی ئێوارەی ۷ ی پووشپەر دا
دەکەوێتە بەردەم هەستی شەرم و بێدەنگی و
بە هێمنی و کەسەرەوە شار جێ دێڵێت
شار تەنیایە و دنیای مرۆڤایەتیش، لە بیستنی کارەساتدا کەڕ و بێدەنگە

سەرچاوە : ماڵپەری گیارەنگ

# ژنی کورد، واتای کۆیلەتیی نوێ

ئارام ئیبراهیم خاس

**جیهان و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێی ژیان، پێوەندییەکان و دنیای زانیاری و ئەنفۆرماتیک،**

ئەوەندە لێک نزیک بوونەتەوە کە ئەو گۆی زەوییەیان کردۆتە لادێیەک، هەروەک فۆکۆیاما دەڵێ:" مێژوو گەیشتۆتە کۆتایی خۆی و کاپیتالیسم دوا وێستگەی ژیانی مرۆڤەکانە."
لە لادێیەک کە پۆست مۆدێرنیستەکان و حیزبەکانی سەوزو چەپی ئورووپایی و ئۆمانیستەکانی جیهان لە پاراستنی دارستانەکان و داکۆکی لە ئاژەڵ و.... هتد، دەدوێن، خەڵکی کورد لە کوردستان ئەو لانکەی شارستانیەتی مێژوو لە ژێر دژوارترین سەرکوت و گوشارەکانی سەدە ناوەڕاستی ڕێژیمە داگیرکەرانی کوردستان بۆ ژیان دەمرن.
بەڵام هەر لە نێو ئەو کۆمەڵگە یەخسیرەدا، بینەری کۆیلەتی و ئەسارەتێکی نەزانانە و جاهیلین، بەڵێ، ئێرە کوردستانە، سەرزەوینێک کە ژنی کورد ٢ جار لەو وڵاتە دەچەوسێتەوە، ئەو هەم کوردە و هەم دەبێ شان بە شانی پیاوی کورد باری ستەمی نەتەوەیی لەسەر شان بێ و بۆ لابردنی ئەو ستەمە خەبات بکا، بەڵام هاوکات ئەو نیوەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، تەواو کەرەوەی پیاو، هەرچی بێ ناوی هەر ژنە!!
ژنی کورد بە تاوانی کورد بوون و ژن بوون دەبێ سەرجەم تەمەنی لە زیندانە دەستکردەکانی دواکەوتوویی و نەزانی یەخسیر بمێنێتەوەو حوکمی زیندانی هەتاهەتایی لە زیندانەکانی باب و هاوسەری تێپەڕ بکا.
بەداخەوە لە کۆمەڵگەی نەریتی و دواکەوتووی کوردستاندا، مرۆڤایەتی، هزر و بیرکردنەوەو کار، گشتیان لە ڕەگەزی نێرینەی کۆمەڵ واتە پیاو کۆ کراونەتەوە.
ئەرەستوو دەڵێ:" کۆیلە بە تەواوی لە مافەکانی ئازادی بێ بەشە، ژن ئەو ئازادیانەی هەیە بەڵام بە شێوەیەکی زۆر لاواز".
بەڵام دەبێ ئەوەش بوترێ کە تەنانەت ئەو وتەیەی ئەرەستووش سەبارەت بە ژنی کورد وەراست ناگەڕێ.
ژنی کورد لە سەردەمی بە جیهانی بوون و لە نێوان دەستەواژەکانی بەرابەری مافی مرۆڤ و ڕەسەنایەتی تاک (ئاندیویدۆئالیزم) بە شێوەیەکی سیستماتیک لەلایەن دەوڵەتە ئیدیۆلۆژیکەکانی داگیرکەری کوردستان و هاوکات لەلایەن بیری نەریتی و چەقبەستووی کوردیشەوە دەچەوسێتەوەو نە تەنیا لە ژن بوونی خۆی پەژیوان دەبێتەوە بەڵکوو هیوای ئەمە دەخوازێ کە خۆزگە لە دایک نەبوایە، خۆی لە نامۆبوونێکی کەسایەتی و قەیرانێکی شوناسی کارەساتبار دا دەبینێتەوە کە ئاکامی ئەو بارودۆخە لە کوردستان لە هەموو بوارەکان لەبەرچاوە.
خۆسووتاندن و خۆکوژی ژنانی کورد لە کوردستان بەتایبەت لە باکوورو ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە دیاردەیەکی دزێوی کۆمەڵایەتییە کە واتای بنبەست و نیهێلیزم و بێ هومێدی و هەزار مانای دیکەی بێ شوناسی و نامۆیی ژنی کورد لە خۆ دەگرێ و سەلمێنەری ئەو ڕاستیە تاڵەیە کە ژنی کورد لەو بارودۆخە نالەبارەدا تووشی دۆخی بێ کەسایەتی بوون هاتووەو هیچ ڕێگایەکی دیکە بۆ ڕزگار کردنی خۆی نادۆزێتەوە.
لە نێو گۆڕەپانی سیاسی و بزاڤی کوردستانیش دا ڕەوتەکانی خەباتکاری کورد بە وەلانانی کردەیی ژنی کورد و لەبەرچاو نەرگرتنی ڕۆڵی کاریگەری ژن بوونەتە هۆی ئەوە کە نیوەی کۆمەڵگە لە حاڵەتێکی پاسیڤ بە شێوەیەکی ساردو سڕ لە دوورەوە سەیری ڕووداوەکان بکا.
نابێ لەو نێوەدا گوشاری ئایدۆلۆژیای دینی لە بیر بکرێ کە جێگەو پێگەی ژنی تا ئەو ڕادەیە هێناوەتە خوار، کە بەپێی شرۆڤە ئاینییەکان ژن بەشێکە لە وجودی پیاو کە بۆ دابین کردنی پێداویستی و نیازەکانی ڕەگەزی نێرینەی کۆمەڵ ئافرێنراوەو هەر بەو پێیەش پیاو خوای ژنە، قورئان کتێبی پیرۆزی موسڵمانان ژن بە کێڵگە دەشوبهێنێ و لە فێرکارییە پیرۆزەکانی فرەهاوسەری و بەردباران پەرەپێدەدا.
لەو نێوەدا عەقڵییەتی پیاوسالار بە لە ژێر پێ نانی مەسەلەی دەروەست بوون بە ڕەوشت و زەق کردنەوەی مەسەلەی ناروون و (خەیاڵاوی) ی نامووس پەرەستی چەوسانەوەو کوشتنی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ لە ژێر سێبەری پەروەردەکانی ئیلاهی بە ڕەوا دەزانێ.
پیاوسالاری لە کوردستان و لە ڕۆژهەڵاتی ناوین بەگشتی، ڕیشەیەکی تەواو ئایینی هەیە، کۆیلەتی ژن بە ناوی شەرەف واتای پێ دەبەخشرێ و یاسای دینی دامەزراو لەسەر فۆنداسیۆنی ئاپارتایدی ڕەگەزی ڕەوایی پێ دەدرێ، بوونەوەری باڵادەست لە سیستمی ئاپارتایدا پیاوەو، ژن زۆر ساکار بە نیوەی پیاو دەزانرێ، کە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیە دەتوانین نموونەگەلی وەک: مەسەلەی . میرات، دانی نەفەقە لە لایەن پیاو( بەواتای لاوازی ژن و بەربەست بۆکار کردنی ژن)، فرەهاوسەری، حیجابی زۆرەملی و هتد....، بێنینەوە.
ئەگەر نەڵێین ژن لە ڕوانگەی کۆمەڵگەی نەخۆشی جیهانی سێیەمەوە کاڵایەکی بێ بایەخە، چونکە کاڵا بێ ڕووح و گیانە بەڵام دەتوانین بڵێین:" ژن لەو وڵاتانەو بەتایبەت لە کوردستاندا کۆیلەیەکی بە تەواو مانایە".
ئایین و لە دەرەوەی چوارچێوەی ئایین، فەرهەنگی نەریتی کۆمەڵ کێشەی سەرەکی و بنەڕەتی ئێمەن بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ دیاردەی هەڵاواردنی ڕەگەزی. بەرابەری مافەکانی ژن و پیاوو لابردنی سیستمی هەڵاواردنی ڕەگەزی بنەما و فۆنداسیۆنی پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی لە حاڵی گەشە و پێشکەوتن دایە. خەباتی ژن بۆ ئەوەی بتوانێ لەو بارودۆخەی تووشی هاتووە ڕزگاری بێ خەریکی تێکۆشان لە سێ بەرەی جیا لە یەکە:

١. خەبات بە دژی نەریتی بنەماڵە.
٢. خەبات بە دژی نەریت و عورفی کۆمەڵگە
٣. خەبات بە دژی ئیدیۆلۆژیاو سیستمی دەسەڵاتدار.

لەو نێوەدا نابێ ڕۆڵی خەباتی میدیایی و کاری فەرهەنگی و ڕووناکبیری لە بیر بکەین. خەباتی فەرهەنگی و خاوێن کردنەوەی نۆرمە ژەنگ گرتووەکانی فەرهەنگی نەریتی، بەبێ جیاوازی بە پیاو و ژنەوە، ئەرکی سەرەکی توێژی ڕووناکبیری کۆمەڵگەیە. هەبوونی ڕێکخراوەی ژنان، خاوەن بەرنامەو پرۆگرامی نوێ بۆ ژنی نوێی خاوەن عەقڵییەتی سەردەم لێرەدا کە پێویستی خۆی دەردەخا، ڕادیکاڵ بوونی ئەو ڕێکخراوەیە و چۆنیەتی باوەڕ بە ویستەکانی بەرەی گەنجی ژنان و هەوڵدان لە ڕادەی توانا بۆ وەدیهێنانیان، فاکتەرێکی سەرەکی بۆ بەرەو پێش چوونی خەباتی ژنانە، کە لەو نێوەدا بوونی ڕێکخراوی ژنان و کاروتێکۆشانی ژنانی چالاک و هەڵسووڕاو لە بواری مافەکانی ژنان لە گۆڕەپانەکانی جۆراوجۆری کۆمەڵگەی ئێران و کوردستاندا جێگەی سەرنجەو ڕێزلێنانە. با گشتمان بە یەکەوە (ژن و پیاو) ئەو دێڕە شێعرەی هێمن لە یاد نەکەین و نرخ و گەورەیی ژن بپارێزین و ڕێز لە مافە مرۆییەکانی بگرێن.

**چۆن ئەبێ سەربەست، گەلی ژێردەست، کە کچ دابەستەبێ**
**بەس نیە ئەو کۆت و بەند و کچ لە ژوور دابەستنە؟** سەرچاوە: کوردستان و کورد

# لە دەھەی ١٩٢٠ ئاواتی دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد لە لێواری وەدیھاتندا بوو

نوسینی: ئاننینا ڤالیوس - وەرگێرانی: ئەییوب سوری

دوابەدوای لەبەریەک ھەلوەشانی ئیمپراتۆری عوسمانی و پێکھاتنی دەوڵەتە نوێیەکان، لە دواى شەرى یەکەمی جیھانی، کوردەکان لەبەر دەم روناکاییەکی نوێدا بوون، کە ئاواتی ھەزاران سالەیان بێتە دی و لەسەر خاکی باب و باپیرانیان دەولەتی سەربەخۆی کوردستان لەدایک بێ.




لە کاتی پەیمانی سێڤر لە سالی ١٩٢٠، دەوڵەتی بریتانیا پێشنیاری کرد؛ وێڕای دەولەتانی ئیران، عیراق و کووەیت، دەسەڵات بدرێ بە کوردەکانیش بۆ پێکھێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد. ئەو بۆچونە لەگەڵ بیروڕای نیلسۆنی سەرۆک کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکانیش لە پیناو بەرنامەی ئاشتیدا بەتەواوی تەبا بوو. بەلام لەلایەن ئێران، عیراق و تورکیە بە تەواوی دژایەتی لەگەڵ کراو، رەد کرایەوە. لە ئاکامدا دەوڵەتی بریتانیاش ھەلوێستی خۆی گۆڕیو پاراستنی پێوەندی دۆستانەی لەگەڵ کەماڵ ئەتاتورکی تازە بەدەسەڵات گەیشتوی بەلاوە گرینگتر بوو تا دەوڵەتی کورد. بەتایبەت ئەو کە توانیبووی کۆتایی بە دەسەلاتی ئیمپراتۆری عوسمانیەکان بێنێ و وەک وڵاتێکی عەلمانی سەردەم خۆی دەردەخست.

تورکەکان لە ئینکار کردنی دەوڵەتی کوردیش بەرەوژوورتر رۆیشتن و ھەولی سرینەوەی وشەی کوردستان و ناوی کورد بوو بە یەکێک لە ئامانجە ئیستراتیژیەکانیان و ئەوەش بەوە دەردەکەوێت کە وشەی کوردستان و کوردیان قەدەغە کرد و بەجێی ئەوە بە تورکە چیاییەکانی رۆژھەلاتی تورکیە ناویان دەبردن. نووسین و قسەکردن بە زمانی کوردی لە ھەموو وڵات قەدەغە کرا. ھەروەھا گوێ گرتن لە مۆسیقای کوردی و لەبەر کردنی جلی کوردی و ھەموو ئەو نیشانە کولتوریانەی کە پیوەندییان بە زمان و کولتوری کوردی لەو ولاتە ھەبوو، قەدەغە کران و لەوەش زیاتر بۆ ئەو شوێنانەی کە زۆرینەی خەلکەکەی تورک بوون، بۆ تواندنەوەی کورد لە ناو تورکیەدا، سیاسەتی راگواستنی کوردەکانیان گرتەبەر و لە بەرامبەریشدا

ھەوڵدان و ئاسانکاری بۆ تورکەکان کرا بۆ ئەوەی بگوێزنەوە بۆ کوردستان. لە ریگای لەبەر یەک ھەلوەشاندنی کوردەکان و دوورخستنەوەیان لەیەکتر، لە ھەوڵی بە تورککردنی کوردەکاندا بوون. زۆر جار راپەرین لەلایەن کوردە نارازیەکانەوە سەری ھەلدەدا، بەلام ھەمیشە ئەو راپەرینانە بە بێبەزەییانەترین شیوە سەرکوت دەکرانو لەنیو دەبران.

لەدوای شەری دوھەمی جیھانی، سیاسەتی تورکیە دژی کوردەکان نەرمیەکی بەخۆوە بینی. بۆ وێنە کوردەکان لە خوێندنگاکاندا دەیانتوانی دەرسی کوردیش تا رادەیەک بخوینن. بەلام دوابەدوای کودەتای سەربازی لە ساڵانی ١٩٧٠، دیسان کولتوری کورد کەوتەوە بەر غەزەبی رێبەرانی تورکیەو بە توند ترین شیوە مستی ئاسنینیان نیشانی کوردەکان دایەوە.

لەو سالانەی دواییدا، بەھوی فشارەکانی یەکیەتی ئوروپا بۆسەر تورکیە، دەولەتی ئەو ولاتە ناچار بو کە رێگا بە بەشێک لە کارە کولتوریەکان وەک ھێندیک بەرنامەی سنورداری تەلەڤیزیۆنی بەزمانی کوردی بدات. بەڵام سەرەرای ھەمووی ئەوانەش یاسای تورکیە تاکو ئێستاش دان بە بونی نەتەوەیەک لەناو سنورەکانی ئەو ولاتە بەناوی کورد دانانێ.

## ئێران

بەبێ جیاوازی، بە درێژایی مێژوو لە ولاتی ئێران ھەرحکومەتێک لەسەر کاربووبێ، کوردەکانی ئەو ولاتە لە دەسەلاتی سیاسی وڵات بێبەش کراون. لە دواى شەری دوھەمی جیھانی، بە پشتیوانی یەکیەتی سۆڤیەت، لە کوردستانی ئێران حکومەتێکی کوردی دروست بوو، بەلام دوای کەمتر لە یەکساڵ ئەو حکومەتە کۆتایی بە تەمەنی ھات. ھۆیەکەشی دەگەرێتەوە بۆ کەین و بەینی نێوان ئێران و یەکیەتی سۆڤیەت و پشتیوانی نەکردنی سۆڤیەت لەو حکومەتە. لە دەھەی ١٩٥٠ شای ئێران قسەکردن بە زمانی کوردی قەدەغە کردو رایگەیاند کە لەھیچ شوێنێکی رەسمی جلی کوردی نابێ لەبەر بکرێ. دوای بەدەسەلات گەیشتنی حکومەتی ئیسلامی، ئایەتوللا خومەینی فتوای جیھادی دژی کوردە بەرھەلستکارەکان دەرکرد. لە ئاکامی ئەو شەرەدا بە دەیان ھەزار کەس لە کوردەکان کوژران.

## سەدام حوسین بێبەزەیی ترین کەس دەرحەقی کوردان

لە ھەلومەرجی ئێستادا فەرھەنگی کوردی لە ئێران تا ئەندازەیەک رێگای پێ دراوە ،بەلام ھەرباس و خواسێکی سیاسی و ئاوات و خەونێکی مافی سیاسی بۆ کوردان لەو ولاتە دا بڤەیەو بە توندترین شێوە ولامی پی دەدرێتەوەو کورد بۆی نیە داوای مافە سیاسیەکانی خۆی بکات. لە سوریە تا ئێستاش بە چەندین شیوە لە ھەوڵی ریشەکێش کردنی کوردەکانو کولتوری کوردی دان. کاربەدەستان پێناس نادەن بە مناڵانی کوردو ئەگەر پێشیانبدەن، ئەوا نابێ ناوی کوردییان لەسەر بێ. ناوی شارو ناوچەکان لە کوردیەوە گۆردراون بۆ ناوی عەرەبی. ھەروەھا چاپ و بلاوکردنەوەی ھەر کتێب و نوسراوەیەک بە زمانی کوردی قەدەغەیە.

زۆرترین ئازارەکانو زیاترین دەرفەتەکان لە عیراق بوون. مێژووی کورد لە عێراق، خوێناویترین بەشی مێژووی کوردە.

لەدوای شەری یەکەمی جیھانی باشترین مەیدان بۆ کوردەکان، کوردستانی عێراق بوو. ھەربۆیە زۆرترین ھەولەکانیش لەپێناو پاراستنی کولتوری کوردیدا گواسترایەوە بۆ ئەو بەشە. کوردەکان خەباتی خۆیان لەو ناوچەیەدا بە بەردەوامی چڕتر کردەوە. سەرەرای ھەمووی ئەوانەش تاکو سالانی ١٩٦٠ لێک تێگەیشتنێکی گەورە لە نێوان کوردەکان و حکومەتی ناوەندیدا نەھاتە پێش.

ھاتنە سەر کاری سەدام حوسێن، دەستپێکردنی پر تەمو مژترینوخوێناویترین لاپەرەکانی مێژووی کوردی بەدواوە بوو. مەزەندە دەکرێ کە لەماوەی دەسەڵاتی سەدام حوسێندا پتر لە ٣٠٠٠٠٠ کەس لە کوردەکان کوژراو بێ سەرو شوێن کراون. ئامانج و بەرنامەی سەدام حوسێن ئەوە بوو کە ھەموو گەلانی غەیری عەرەبی عێراق یان لەناو بەرێ یان لەسەر خاکی عێراق راویان بنێ و نەھێلی غەیری عەرەب لە خاکی عێراقدا بمێنێ. لە ریگای بۆمباران و شیمیاییباران و ئەنفال و ھەر ریگایەکی ترەوە کە بۆی کرا ھەوڵی لەناو بردنی کوردەکانی دا.

بەڵام دوابەدوای دەورانی لە شەری کەنداو دژی هاوپەیمانان لە سالی ١٩٩١، ناچار بوو حکومەتێکی سنووورداری نیوەسەربەخۆی کورد لە پەنای خۆی ببینێو لە بەر بێدەسەڵاتی نەیدەتوانی دژی هەنگاو بنێ.

سەدام ئەگەر لە دادگای دوجەیل سزای ئیعدامی بەسەر دا نەسەپایە و ئێستا بمابایە، دەبوو لە ریزی پێشەوەی تاوانبارانی قەتڵ و عام و ئەنفال کردنی کوردەکانزدا بایە، کە سزای مەرگی بۆ بە دواوە دەبوو.

هەرێمی کوردستان لە عێراق، ئێستا ئارامترین و ئەمینترین ناوچەی عێراقە. لەو هەرێمە تەنیا ٢٠٠ سەربازی ئەمریکایی چاوەدێریی ئاسایشی ناوچەکە دەکات. ئەوە لە کاتێکدایە کە لە تێکرای عێراق پتر لە ١٨٠٠٠٠ سەربازی ئەمریکایی خەریکی ئارامراگرتنی دۆزی ئەو وڵاتەن.

سەرچاوە ئابوریەکانی هەرێمی کوردستان بناغەکەیان بریتیە لە نەوت و سەرچاوە سروشتیەکانی دیکە، کە ناوچەیەکی یەکجار دەوڵەمەندە. گرینگیە سیاسیەکانی ئەو سەرچاوە ئابوریانە، لە کاتی پرسی سیاسی کورد دا هەرگیز بۆ فەرامۆشی نابن. ئەوەی لە داهاتوودا رەنگە زۆر لە نەوتیش بایەخی پتر بێ و قسەی ئاخر دەکات، بوونی سەرچاوەی زۆری ئاوی شیرینە لە کوردستان.

**کوردەکان چاوەروانی چی لە داهاتوو دەکەن؟** ئەوە پرسیارێکە کە وەلامدانەوەی زۆر ئاستەمە. هەلومەرجی تورکیە بەشیوەیەکە کە زۆر ئاستەمە بتوانی راپۆرتێکی دروست و جێگای باوەری لێ هەڵبێنجی. ئاخۆ چەندە لە کوردەکانی ئەو بەشە دەیانهەوێ لەگەڵ تورکیە بمێننەوەو چەندیان داوای خودموختاری و چەندیان داوای سەربەخۆیی دەکەنزو تەنانەت چەندیان پشتیوانی لە شەری چەکداری و توند و تیژیەکانی پ.ک.ک دەکەن و یان خوازیاری چەک دانانن. زۆرێک لەو هەوالنێرانەی کە لەو ناوچەوە تێپەر دەبن، ئەوەیان بەر گوێ دەکەوێ کە ئێستا ئەگەر لێیانگەرێن، لەسەر خاکی باب و باپیرانیان وەک کورد بە ئازادی بژین، بەسیانە. بەتایبەت ناوچە گوندنشینەکان کە خەلکەکەیان لەوپەری هەژاریدا دەژی، پێیان وایە بۆ ماڵ و مناڵیان نان لە لولەی تفەنگ نایەتە دەر.

## کوردەکانی عیراق لە ئوتونۆمیەوە بۆ سەربەخۆیی

گەورەترین دوو هێزی کوردی عێراق، فیدراڵییان وەک ئامانجی خۆیان بۆکوردستان کردۆتە سەرخەتی کاریان.

بەلام کۆمیتەی رێفراندۆمی کوردستان دەڵێ؛ سیاسەتی ئەو حیزبانە وەلامدەری داخوازی و دەنگی خەلکی کوردستان نیە. ئەو کۆمیتەیە لە هەلبژاردنی سالی ٢٠٠٥ی پارلمانی عێراقدا خێوەتی دەنگدانی بەشێوەی نافەرمی لە پاڵ شوێنەکانی دەنگدان بەرز کردەوە و هاوکات کە خەلکی کوردستان دەچون بۆ دەنگدان بە پارلمانی عێراق و پارلمانی کوردستان، دەیانتوانی دەنگ بە کۆمیتەی رێفراندۆمیش بدەن. ئاخۆ چیان بۆ کوردستان دەوێ؛ کوردستان سەربەخۆ بێت یان لەگەڵ عێراق بمێنێتەوە؟

بە پێی قسەی کۆمیتەی رێفراندۆم ٩٩،٥%ی دەنگدەران دەنگیان بە سەربەخۆیی کوردستان دا. ئەگەر ئەو رێژەیە گەورەش کرابێتەوە، دیسان پێماندەڵێ کە زۆرینەی کوردەکان چیان دەوێ!

لە هەمانکاتدا کۆکردنەوەی ١.٧ ملیۆن ئیمزا و ناردنی بۆ رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان وێرای یادداشتێک و داواکردن لەپێناوی وەرێخستنی رێفراندۆمێک بۆکورد پشتیوانەیەکی بەهێزە.

ئەو ١.٧ ملیۆن کەسە کوردەی کوردستانی عێراق ئیمزایان کردوەو داوا لە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دەکەن کە لە پێناو رێفراندۆمێکی فەرمیدا بۆ سەربەخۆیی کوردستان هەنگاو هەڵگرێ.

*سەرچاوە : سایتی کوردستانی گەورە*



# ئاڵای کوردستان

ڕەزا ئەمینی



زۆر جار بە هەڵە دەگوترێ ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستان ، ئەم ئاڵایە لە چوار رەنگی ، سپی و سەوزو زەردپێکها تووە کە رەنگی زەردخۆرە کەیە و لە ناوەڕاستی ئاڵاکەدایە . یان هەندێک کەس دەڵێن لە جیاتی رەنگی سپی دەکرێ رەنگی زەردیش بۆ ئاڵای کوردستان و رەنگی ناوەڕاستی ئاڵا دەکرێ کە لکی لێ وە ربگیردرێ ، کە بە ڕای من پێویستە بەم هەڵەیە دا بچینەوە . لە لایەکی‌تریش دەگوترێ ئەم ئاڵایە بە دەستی پێشەوا سەرکۆماری کوردستان دانراوە بەڵام پێویستی بە بیر هێنانەوە یە ئاڵا ی کوردستان لە لایەن "کۆمەڵەیا رێکخستنا جڤاتا کوردستانێ" بە سەرپەرستیی "ئەمین عالی بەدرخان" و کۆمەڵێک ڕووناکبیری کورد دانراوە.

دیارە کۆماری دێموکراتیکی کوردستان هەندێک گۆڕانکاری لەم ئاڵایەدا کردووە کە دوا تر ئاماژەی پێدەکەم.

ڕەنگ و هێماکانی ئاڵای کوردستان ئەم مانایانە دەبەخشێ:

ڕەنگی سوور لە سەرەوە بە مانای خەبات و بەخودان و خوێندان و ئازایەتی و ورەو هێزو تەنانەت یەکسانیش بە کار هاتووە.

ڕەنگی سپی بە مانای ئاشتی، ئارامی، تەناهی و ئاگربەست بەکار هاتووە.

ڕەنگی زەردو خۆر لە ناوەڕاستی ئالاکەدا بە مانای هەتاوو هیواو سەرکەوتن و ڕووناکی و درەوشانەوە و وریایی و تەنانەت ئاگریش بەکار هاتووە.

ڕەنگی سەوز بە مانای سەوزایی و ولاتپارێزی و ژینگەو پاراستن و تەنانەت لاوێتی بەکار هاتووە.

لە ئاڵای سەردەمی کۆماری کوردستاندا، دوو گوڵە گەنم خۆرەکەیان لە ئامێز گرتووە کە ئەمە بە مانای پەرەپێدا نی وەرزێری و زیاد بوونی بژیوی خەڵک لە سەردەمی کۆماردا بەکار هاتووە. دیارە لە سەر خۆرەکە شەمێک بووە کە دواتر ئەم شەمە دەبێتە هەتاوو پرشنگ دەهاوێ و مانای فەلسەفەی ڕەنگی زەرد ئەدا دەکا.

تێکەڵاویی ڕەنگ لە ئاڵا ی هۆزە ئارپاییەکان سوور،زەرد، شین، سپیە.

ئاڵای دەوڵەتی ماد تا ئێستا نەزانراوە چۆن بووە. ئاڵای ئەیوبییەکان (سەلاحەدین ئەیوبی) لە شێوەی بازنە، درێژ، ڕەنگی سەوز بە قەدی دا بە ڕەنگی ڕەش لا الە الا اللە

ئاڵای کەریمخانی زەند ١٧٠٥ - ١٧٧٩ ـ سێ گۆشە، زەمینەی سپی، هەتاو لە پشت شێرەکەوە

ئاڵای میرنشینەکانی کوردستان: میرنشینی سۆران پایتەختی ڕەواندز ڕەش لە سەرێ، سپی لە خوارێ. ئاڵای ڕاپەڕینی قوچیگری ١٩٢١ ، سەوز لە سەرێ، سپی ناوەڕاست، بازنەیەکی سوور لە ناوودا ڕەش لە خوارێ.

ئاڵای شێخ مەحموود ١٩٢٢ ، زەمینەی سەوز، مانگێکی سپی لە سەر ڕەنگی سوور لە ناوەڕاستی ئاڵاکە

ئاڵای ڕاپەڕینی ئاگری ١٩٢٩.١٩٣٠ ئیحسان نوری پاش، سەوز لە سەرێ، سوور لە خوارێ، سپی ناوەڕاست، کە وێنەی چیای ئاگری تێدایە.

ئاڵای کۆماری دێموکراتیکی کوردستان ١٩٤٦ ، هەمان ئەو ئاڵایەیە کە لە لایەن کۆمەڵەیا ڕێکخستان جڤاتا کوردستانێ، دروست کراوە بە هەندێک وردەکارییەوە. ئەمین عالی‌بەدرخان‌و کۆمەڵێک ڕووناکبیری کورد دایاننناوە.



هێمای هەندێک لە ڕەنگەکان:

ڕەنگی سوور: شۆڕش خوێنڕژان، خوێندان، ئازایی، هێز، یەکسانی

زەرد: ڕووناکی، درەوشانەوە، وریایی، ئاگر

سپی: ئاشتی، ئارامی، ئاگربەست

سەوز: سەوزایی، وڵات، پاراستن، لاوێتی

شین: ئاو، ئاوەدانی، دەریا، ئاسمان، ئازادی

نارنجی: ئازایی، خۆبەختکردن، قوربانیدان

ڕەش: پرسە، مەرگ، تاری

سه رچاوه: کۆڤار

# بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی پەنابەران

مەسعوود ڕەواندووست



ڕۆژی ٢٠ی ژوئەن واتە ٣٠ی جۆزەردان وەک ڕۆژی جیهانیی پەنابەران دیاری کراوە. ئەگەرچی لەوانەیە نەریتێکی باش نەبێ کە تەنیا لە ڕۆژە دیاریکراوەکاندا یادی زۆر پرس و بابەتی گرنگ بکرێتەوە کە یەک لەوان پەنابەرانن، بەڵام ئەم ڕۆژە بیانوویەکە بۆ ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لە پرسی پەنابەرێتی و هۆکارو گرفتەکانی.

ناودێرکردنی ئەم ڕۆژە بە ڕۆژی جهیانیی پەنابەران بۆ وەبیرهێنانەوە و تێگەیشتنی زیاتر لە ئازارو مەینەتییەکانی میلیۆنان مرۆڤە کە ناچاربوون زێدو نیشتمانی خۆیان جێبێڵن و بە شوێن دۆزینەوەی ئاسایش و داهاتوویەکی باشتر لە وڵاتێکی دیکەدا بگەڕێن. پەناخوازی و پەنابەرێتی لەوانەیە بۆ زۆر کەس شانس و دەرفەتێکی نوێ بێ بۆ ئەوەی بتوانن لە ئاسایش و هێمنیدا ژیانێکی نوێ بۆ خۆیان و بنەماڵەکەیان دابین بکەن، هەروەها پەنابەرێتی دەتوانێ سەرەڕای دژواری و گرفت و غەمی دووری لە نیشتمان و بنەماڵە و ئازیزان، بوار و دەرفەتی پێشکەوتن و سەرکەوتنی نوێ بۆ کەسی پەنابەر بڕەخسێنێ.

بەڵام پەناخوازی و پەنابەرێتی هەر ئەمجۆرەی لە زۆربەی جارەکاندا دەبینرێ و ڕاستە، دەگەڵ ئەوەیکە کۆتایی ترس و دڵەڕاوکێ و گرفتەکانی ڕابردوویە، دەتوانێ ببێتە هۆی خوڵقان و بەدیهاتنی زۆر کێشە و گیرو گرفتی نوێ.

کەس بە دڵخوازی خۆی و لە هەلومەرجی گونجاوی ژیاندا ماڵ و نیشتمانی خۆی بەجێناهێڵێ. هۆکاری جۆراوجۆر هەن کە مرۆڤ ناچار بە دوورکەوتنەوە لە وڵات و ماڵو حاڵی خۆی دەکەن. سەرەکیترین هۆکارەکان بۆ ئەم مەسەلەیە بریتین لە شەڕ، توندوتیژی، نەبوونی دادپەروەری، سەرکوتی نەتەوەکان، هەژاری، کەمی و بەرتەسکبوونی سەرچاوە سروشتیەکان و تێکچوونی ژینگە.



© AP

هەرکام لەم هۆکارانە بە تەنیا و زۆر جاریش دوو یا چەند هۆکار بە یەکەوە دەبنە هۆی ئاوارەبوون و پەرتەوازەبوونی خەڵکانێک لە بەشێک لە وڵاتە بەڵاێدراوەکان لە گۆشەیەکی ئەم جیهانە و پەنابردنیان بۆ بەشێکی دیکەی ئەم جیهانە.

لەدوای شەڕی دووەمی جیهانی و دامەزرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بەشێکی تایبەت بە کاروباری پەنابەران بە ناوی کۆمیسارییای بەرزی پەنابەران لە ساڵی ١٩٥١دا دامەزرا. ئەگەرچی لەکاتی دامەزرانی کۆمیسارییای بەرزی پەنابەران سەرەکیترین هۆکاری پەناخوازی و پەنابەرێتی شەڕ وماڵوێرانییەکانی شەڕبوو، بەڵام ئێستا و لە سەدەی بیستو یەکەمدا ئەم هۆکارانەش کە لە سەرەوە باسیان لێکرا بە هۆکارەکانی ئاوارەبوون و کۆچکردنی مرۆڤەکانەوە زیادبوونە و ژمارەی پەنابەرانی لە جیهاندا لە دەیان میلیۆن کەس تێپەڕاندوە.

بەندی ٢ی مادەی ١٣ی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ لە کاتێکدا کە ئەو مافە بە هەر تاکێک دەدا لە هەر وڵاتێک بە دڵخوازی خۆی نیشتەجێ بێ، ئەم ئەرکەش دەخاتە سەرشانی دەوڵەتە ئیمزاکەرەکانی ئەم جاڕنامەیە کە ئەم بوار و دەرفەتە بۆ تاکەکان بڕەخسێنن. بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین ئەوەیە کە دەوڵەتەکان بە بیانووی بەربەرەکانی لەگەڵ تیرۆریزم کۆنترۆڵ و گوشارەکانیان بۆ سەر پەناخوازان و پەنابەران زۆر زیاتر کردوە و وەرگرتنی پەنابەریان زۆر دژوارتر کردوە و زۆر کەسیان لەم مافە کە بۆی دیاریکراوە بێ بەش کردوە و تەنانەت لە یەکیەتیی ئورووپادا هێزێکی نیزامیی تایبەتیان بۆ ڕێگرتن لە هاتنی ناقانوونیی پەنابەران بۆ وڵاتە ئورووپاییەکان دامەزراندوە و بە داخستنی سنوورەکانیان لەسەر پەناخوازانی لێ قەوماو و ئاوارە، بواریان بۆ کەسانی هەلپەرست ڕەخساندوە و دەرفەتی قاچاغی ئینسان و بازرگانی و کەڵکی خراپ وەرگرتن لە کچانی کەم تەمەن و منداڵانیان ڕەخساندوە.



وڵاتانی ڕۆژئاوایی جگە لەم هەموو ئاستەنگانەی لەبەردەم پەناخوازان و پەنابەراندا پێکیان هێناوە، بە دۆستایەتی و تەنانەت پشتیوانی لە وڵاتانی دیکتاتۆر کە هۆکاری ئاوارەیی و دەربەدەریی پەنابەرانن نەک هیچ یارمەتییەک بە باشتربوونی بارودۆخی مافی مرۆڤ لەم وڵاتانەدا ناکەن، بەکردوە هەلومەرجێکی زۆر نالەبار بۆ پەناخوازان دەخوڵقێنن کە کاتێک دوای بەجێهێشتنی ماڵ و وڵاتەکەیان دەگەنە وڵاتانی ڕۆژئاوایی خۆیان بە قوربانیی بێ عەداڵەتی و کەمتەرخەمی بەرامبەر بە چارەنووسیان دەبیننەوە. بوونی ژمارەیەکی زۆر پەناخواز بە بنەماڵە و ژن و منداڵەوە کە وڵامی ڕەدیان پێ دراوە و ئازاری چارەنووسێکی نادیار دەچێژن و هەم لە وڵاتی خۆیان و هەم لە وڵاتی دووەم بێ هیوابوونە، بەڵگەی ئەم ڕاستیە تاڵەیە.

ئەوە جگە لەو گرفتانەیە کە پەناخوازان تەنانەت دوای وەرگیران و پێدرانی مافی پەنابەرێتی وەک پەنابەرێک لەگەڵی بەرەوڕوون کە گرنگترینیان کێشەی هۆوییەت و گرفتی زمانی ئەو منداڵانەیە کە لە وڵاتانی دیکەدا پەروەردە دەبن و لەگەڵ زمان و فەرهەنگ و مێژوو و ئازارەکانی گەلەکەیان تا ڕادەیەکی زۆر نامۆن. لەوانەیە ئەمە بۆ کەسانێک کە لە پێناو بیرو باوەڕ و شوناس و نەتەوەکەیاندا ئاوارە بوونە بەژانتر بێ.

٢٠ی ژوئەنی ٢٠١١

سەرچاوە کوردستان و کورد

# هونەری رەخنەگرتن و قبولکردنی رەخنە !!!!

نوسینی:هەنتەر نوتال ،
وەرگێرانی بەدەسکاریەوە : مستەفا رابەر – لەندەن




هەندێ کەس هەن زۆر بە جۆش و خرۆشن بۆ رەخنەگرتن و ناوزڕاندنی خەلک ، زۆریش ئاسانە هەندێ هاوڕێ ، دراوسی ، سیاسەتمەدار ،ئەکتەر ، وەرزکار یان خەلکی تر بدۆزیتەوە کە بە خوایشت و ئارەزوی تۆ کارەکانیان ئەنجام نەداوە و نایدەن ، کاتی یەکێک هەلەیەک دەکات خەلک هەیە بەخۆی ناوەستێ بە پێویستی دەزانی راستەوخۆ ئەوکەسە لەهەلەکەی ئاگادار بکاتەوە .
ئەم جۆرە رەخنەیە دەچێتە رەخنەی رۆخێنەر چونکە بۆ یارمەتدان نیە ، ئەو کەسانەی بەشداری لەو جۆرە رەخنانە دەکەن ڕەنگە خۆشیان هەست بکەن سەرکەوتنیان مسۆگەر نیە و ناتوانن بەردوام بن.
کارێکی نارەوایە ئەگەر رەخنەگرتن تەنیا بۆ شکاندن و شەرمەزارکردنی بەرامبەر بیت چونکە جەگەلەوەی پەشێمانی بەدوواوەیە ناوبانگی هەردوو لا دەشێوێنیت ، بۆیە پێویستە رەخنەگر هەمیشە نیازو مەبەستی یارمەتی دانی هەبیت ڕووەو باشترو چاکتر.

بۆ ئەوەی رەخنەی بنیاتنەر بگریت ئەم خالانە ڕەچاو بکە:

١- لە بیرت نەچێ ئامانجی خۆت ڕون و ئاشکرا دەست نیشان بکە:
ئایا تۆ لە هەولی ئەوە دایت یارمەتی کەسێک بدەیت خۆی چاک بکات یان دەتەوێ بیانوی پێ بگری ؟
ئامانجەکان زۆرن و جیاوازن . ئەوەی تۆ بەتەمای بیکەیت رەنگدانەوەی لەسەر تەواوی ئاخافتنەکە دەبیت بۆیە ، با مەبەست و ئامانجەکەت رۆن و ئاشکرا بیت.
٢- نەرمونیان بە
لەبیرت نەچی ئەوان داوایان لە تۆ نەکردووە ئامۆژگاریان بکەیت ئەوەش مانای وانیە تۆ شتێک پێشکەش نەکەیت بەلام پیویستە بە وورییایی دەست بەکار بیت . رەنگە ئەوان زۆر هەستیار بن ، یان ئەوان لەمەو پێش گیروگرفتیان هەبوبی لەگەل کۆمەلێک رەخنەگری رۆخێنەر گومان لە رەخنەی باشیش بکەن.
٣- هۆشیاربە رەنگە تۆهەمو لایەکانی چیرۆکەکە نەزانی
لەکاتێکدا تۆ وای بۆدچی کە هەندی شت هەیە ئەگەر بەشێوەیەکی تر بکرایە باشتر بوو رەنگە هۆیەکی گونجاویش هەبی بۆ چونەکەت. بەلام بەر لەوەی هەڵبشاخی هەول بدە بارودۆخە هەلبسەنگێنیت ، هەندی جار شتەکان زۆر لەوە ئالۆز ترن کە دەبینرێن.
٤- ووریای ووشەی (بۆچی ؟) بە
باشە ووشەی (بۆچی)بۆ وا ئالۆزو پڕ لەچەلەمەیە . رەنگە تۆ ئەو ووشەیە بەکاربینی بۆ پرسیارێکی خاوێن و نیاز پاک بەلام وا دەنگ ناداتەوە بەجۆرێکی تر دە بیسترێت ، دەشی ئەو( بۆچی)یە سەدای بەرەنگاربوونەوەی تیا بەدی بکرێت خۆشبەختانە ووشەی (چۆن ؟) هێمنترە بۆ نمونە ئەگەر پرسیار بکەی بۆچی بریاردا کە ئەوە بکەیت ؟ یان بلێی چۆن بڕیار دا ئەو کارە بکەیت ؟ هەردووکیان هەمان پرسیارە بەلام ئەوەی دووایی زیاتر خۆ تێ هەلقورتان و داوای زانیاری تیا بەدی ئەکرێت لەوەی یەکەم کە تەنیا دەرخستنی تواناو فەرمانەکەیە بۆیە پێویستە ئاگات لە بەکارهێنانی دەستەواژەکانت بیت .
ئەگەر تۆ تەنیا مەبەستت زانیاری رۆنکردنەوە بیت دیارە ئەو زۆری پێخۆش دەبیت بەدەنگتەوە دێت ئەو کاتە گفتوگۆی هەردوو لاتان بەخۆشی و هێمنی دەروات پاشان کێ دەزانی لەم رێگەیەوە ئەوەی دەتەوێ ئاسانتر وەدەست نایەت.
٥- باشە ئەو چیبکات باشترە؟
ئاماژە بە کێشەیەک مەکە ئەگەر باسی چارەسەرەکەشی نەکەیت .هەر باسکردنی کەموکورێ کەسێک بەس نیە بێ ئەوەی پێی بلێی چۆن چۆنی چاکتر بیت ، ئەگەر تۆ خۆت وەلامێکی باشترت لا نەبی کەواتە دەبی رەخنەکەت چ خێرو بێریکی تیا بیت ؟
لەمەشدا جیاکردنەوەیەک هەیە ئەویش ئەگەر کەسێک نەخشەو پلانی هەبی بۆ ئەوەی کارێک بکا کە بەراستی شایەنی ئەو کارە نەبیت ، یان لێی نەوەشێتەوە بۆ نمونە خەلک هەیە هەول ئەدات ببی بە پرۆفیشنال ، سیاسەتمەدار وەرزشکار هتد کات و توانایەکی زۆر بە فیرۆ ئەدات و چش بەچناکات .
بیرۆکەیەکی باشە تۆ هەول بدەی خەلک رابگری لە ملنان بەرەو رێگەی چەوت . لەوانەیە تۆ ئەوان لە نائومێد بوون بپارێزی لەوانەیە واشنەبی دەشێ تۆ بەربەستێک دروست بکەی لە وەرِسبون لە رێگەیاندا ئەگەر ئەوان دووچاری فەشەل و کەوتن هاتن شیمانە دەکرێ لەداهاتوەکی نزیکدا خۆیان چاسەر بۆ کێشەکەیان بدۆزنەوە.
ووڕە بەرزکردنەوەی خەلک لەجیاتی روخاندنیان ، پەسنکردنی هەول و کۆشەشیان کە شتی بە شتی بکەن کاری مرۆڤی نیاز پاکە . هەروەها شتێکی ئاسایی یە کە تۆ مافی ئەوەت نیە بڕیار بدەی داخۆ خەلک دەبی خۆیان توشی مەترسی بکەن یان نا .
دووا بیرۆکە:
کەس نیە بێخەوش بیت پێویستە هەمومان هەولی گونجاو بدۆزینەوە بۆ ئەوەی چاکسازی لە خۆمان و لەوانی تر بکەین . رەخنە شوێنی خۆی هەیە دەشی خزمەت بە ئامانجی باش بکات چەکداربون بە توانای رەخنەگرتن و قەبولکردنی رەخنە بەشێوەیەکی باش وات لێدەکات زۆر سوودیان لێ وەربگریت.

هونەری قبولکردنی رەخنە

لەسەر ئەم هەسارەیە خەلکێکی زۆر هەیە و هەستو نست و بیروباوەڕیان جیاوازە ، بۆیەش دەبی هەمومان چاوەڕێی ڕووبە ڕوبونەوەی رەخنە بین لە ژیانمادا،لە هاوڕێ، کەس وکار ، هاوپیشە و دراوسێ و خەلکی عەوام ، ئەوان هەمویان شتێکیان هەیە باسی بکەن (دەق وەکو ئەوەی خۆشمان هەمانە) .
ئەگەر تۆ کەسێکی چالاک بیت و ئامادەیی یت هەبیت لە سەر تۆڕی ئینتەرنێت دەبی زۆر تر چاوەڕێی رەخنەبیت ، بەتایبەتی لەو کەسانەی لەژێر ناوی خوازراوە رەخنە دەگرن.
لەبەر ئەوەی هیچ ڕێگە چارەیەکیش نیە خۆتی لێ بپارێزیت ، ئەگەر ناچار بوی وەلامی رەخنە بدەیتەوە پێویستە خەلک وەلامەکانت پەسند بکات . لێرەدا چەند بیرۆکەیەک باس دەکەین بۆ ئەوەی سوودی لێوەرگریت.

## له هاندەرو جولێنەری رەخنەکە بکۆلەوە:

١- هەندێ کەس هەن مەبەستی هاوکاریکردنیان نیە تەنیا بۆروژاندن و کاردانەوە رەخنەدەگرن جا یا بۆ ئەوەی ناویان لەناو ناواندا بیت یان ڕاسپیراون ، پاداش وەردەگرن بۆ ئەوەی سوکایەتی بە کەسانێکی دیاریکراو بکەن ئەگەر کەسێکی نەخۆشی داخ لەدڵ و بەناوێکی ساختەوە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت پەلاماری دایت دیارە بەراستی نایەوی گفتوگۆبکات ، پێویستە تۆش پەلە نەکەیت و پڕنەدەیتە دانەی تەلەکە ، ئەوەش بزانە هەندێ جار وەلام نەدانەوەش کاریگەری و قوڕسایی خۆی هەیە ،ئەگەر کەسێکی بەدمەست و سەرگەردان دەیەوێ تەنیا خراپەی تۆ بلێت و گوێت لێنەگریت وەلامی چی ئەدەیتەوە ، هەڵبەت لەم بارودۆخەدا هەرەشەو مشتومریش هیچ دەسکەوتێکی تیانابیت .
بۆیە ئەگەر هەستت کرد رەخنەگر مەبەستی هاوکاری نیە باری دەرونی خۆت شێلو مەکە ، ئەگەر دەتوانی هەر فەرامۆشیان بکە . یان بە تێبینی یەکی کورت وای نیشان بدە کە تۆ بەم جۆرە رەخنانە هەراسان نابیت ، بەردەوام بە لەسەر شێوازی ژیان و گوزەرانی تایبەتی خۆت .
٢- ئەگەر رەخنەکە تەنیا گلەیی یان سکالایەکی تەمومژاوی بوو داوای لێبکە چی دەوێ و یان چی بکەیت باشترە.
ڕەنگە کەسێک پێت بلێ تۆ نەزانیت قێزەوەنیت ناپاکیت ، هەلەیت وایی و وانیت بێ ئەوەی ڕونی بکاتەوە چۆن و لەبەر چی ، یان پێشنیارێکت بۆ بکات کە جێبەجێ کردنی لە تواناداا نیە ، تەنانەت لەکاتێکدا بتەوێت دەرفەتی ئەوەی بدەیتێ بە گومانی ئەوەی کە رەنگە نیازی رەخنەی بنیاتنەری هەبیت پێویست دەکات مەبەستەکەیان ڕون و ئاشکرا بیت بەراشکاوی ئەو ڕازونیازەی پێ یان باشە ڕۆن بکاتەوە . بۆیە تەنیا داوای لێبکە چی بکەیت باشترە .
خۆشی ئەم پرسیارە لەوە دایە کە زۆر ئاسانە داوای درێژە ی ئەو شتە باشەی لێبکەیت کە ئەو پێشنیاری کردووە ئەو کاتە تۆپەکە دەکەویتە بەری ئەو ، دەبی خۆی ماندوکات بە بەلگەو راوو بۆچونی گونجاو درێژە بە بۆچونەکانی خۆی بدات ، ئەگەر نەیتوانی شتی بە شتێ بکات ئەو کات ئاسانە گوێ بە رەخنەکەی نەدەیت و فەرامۆشی بکەیت.
٣- ئەگەر رەخنەکە ئامۆژگاری تیا بوو ، سوپاسی بکە:
ئەگەر کەسێک هەولیدا هاوکاریت بکات پێویست ناکا سەر لەخۆت بشێوێنیت و بەرگری لەخۆت بکەیت ، چاکتر وایە هەول بدەی باشتر لەمەبەستی بگەیت کە دیارە چاکەی لەگەل کردویت ئەگەر ئەو نەبوایە رەنگە لەسەر هەلەکانت برۆیشتبای بێ ئەوەی هەستی پێبکەیت .
پێویست ناکات ئەوەی بۆ ڕۆن بکەیتەوە کە هەلەت نەکردووە ، تەنیا دان بە بەرپرسیاریەتی خۆت بنی ، سوپاس گوزاربە بۆ ئەو کەسەی کە هەولی داوە سەرنجت بۆ کەموکوڕی کێشەکەت راکێشێت بیرت نەچیت ئەوان ویستویانە هاوکاریت بکەن بۆیە تەنگەتاو مەبە تەنیا بلێ سوپاستان دەکەم.
٤- ئەگەر رەخنەگر ئاگاداری سەرجەم بەسەرهاتەکە نەبوو ،خۆت بابەتەکەی بۆ بگێڕەوە
زۆر جار ڕەوشەکە زۆر لەوە ئالۆزترە کە بە روخسار دیارە . خەلک رەنگە هەر ئەوە بەچارەسەر بزانی کە لێوەی دیارە ، بێ ئەوەی بزانی لەپشتی پەردەوە چ کەمو کورتیەک هەیەو دیارە ئەگەر کەسێک ویستی ئامۆژگاریەکت بکات دەتوانی پێی بلێی سوپاس ، بەلام هەندێجار ئەگەر ئەوکەسە باش بتناسیت چاک وایە ئاخاوتنی لەسەر بکەیت . تۆ دەتوانی بلێی من گوێم لێ گرتوی دەزانم چ دەبێژیت ، زۆر حەزیش دەکەم چۆنی دەلێی وام بکەم و هەولیشم داوە ، بەلام نازانم چۆن دەکرێت. گریمان ئەوکەسە نیازی وایە هەندێک کاتی خۆی لەگەل تۆ بەسەر ببات بۆ گفتوگۆ لەسەر بابەتەکە پێویستە تۆ بیروراو هەلویستی ئەو بە هەند وەربگریت ، جگەلەمەش رەنگە هەندی بیروکەو زانیاری سوودمەندیش وەدەست بینیت.

## دووا بیرۆکە

لەکۆتاییدا کاتێ تۆ ئەوکەسەبی ئامۆژگاری بدەیت بیرت نەچێ خۆت لە شوێنی ئەو کەسەی ئاموژگاری وەردەگریت دانێ ، بزانە بە چ سەرو دلت تێک دەچی و بەچیش دلخۆش دەبیت ، ئەگەر لەتوانات داهەیە بەم پێودانگە هاوکاری کەسێک بکەیت ، ئامادەیی خۆت نیشاندە بەلام بە هۆشیاریەوە بەردەوام بەو درێژەی پێبدە.
ئەوەش ڕەچاو بکە ئەوەی بەلای تووە ڕاستە ، رەنگە بۆ ئەوان راست نەبیت، لەبەر ئەوەی رەنگە تۆ ئاگاداری دیوەکانی تری کێشەکە نەبیت و یان تێی نەگەیشتبیت ئاگاداریشبە رەنگە ئەو کەسە لەسەر پێ بیت و ئامادەی بەرگری بیت زیاتر لەوەی چاوەڕوانی دەکەیت ، بەتایبەتی ئەگەر ئەوکەسە هەلس وکەوتی زۆری هەبیت لەگەل رەخنەگرانێک ئەوەندەی تۆ دڵسۆزو نیاز باش نەبوبن
ئامانجێکت هەبیت بۆ مامەلە کەرکردنی باش لەگەل رەخنە. تۆ دەتوانی لەکاتی بەرپەرچدانەوەی هێرشی نارەوا و ڕەخنەی بێ ئامانج و روخێنەریشدا ئامۆژگاری بەجێ و سوودمەند پێشکەش بکەیت.

-------------------

تێبینی : ئەم بابەتە لە دووبەش پێکهاتوە بەشێک بەناوی هونەری رەخنەگرتن و بەشەکەیتر بەناوی هونەری قەبولکردنی ڕەخنە کە نووسەر بە جیا کاتی خۆی بلاوی کردۆتەوە بەلام من هەدوو بەشەکەم وێکرا بلاوکردەوە بۆئەوەی سودی هەبیت ، لە بابەتی داهاتودا باسێک دەربارەی رەخنەو تاوانی سیاسی کە لە گۆڤاری ( فیکە )ی ئوسترالی وەرگیراوە ، بەدەسکاری کردومە بەکوردی و بلاوی دەکەمەوە .
ئەو نوسەرە جەربەزانەی لەو گۆڤارە رەخنە بلاودەکەنەوە پێ یان دەلێن فیکەلێدەر وەکو چۆن وەختی خۆی لای خۆمان عەسعەسەکانی شەو ئەگەر گۆمانیان لەتامایەک یان خشپەیەک بکردایە دەستیان دەکرد بە فیک و هۆر. ئەوانێش هەر شتێکی نارەوا ببینن لە هەللای ئەدەن فشار دروست دەکەن بۆ ئەوەی بە یاسا لێپرسینەوەیان لەگەل بکرێت.
فیکە لێدەرەکان هەموو جۆرەکانی تاوان دەدۆزنەوە ، لە دزیەوە ، هەتا شایەتمانی بەدرۆ ، تاوانی سیاسی و بەدڕەووشتی هتد.
سەرچاوە : سایتی کوردستانی گەورە



# مندالان



## هاوسێیەتی نێوان مێرووله و مشک

نووسینی / حاتەم باتاسی

...خێزانێکی مێروولەو خێزانێکی مشک دوو جیرانی یەکتر دەبن، پەیوەندی دۆستایەتیان لەگەڵا یەکتر زۆر بەهێز ئەبێت، هەمیشە پێکەوە بەختەوەر ئەژیان، لەخۆشیو ناخۆشیدا هاوبەشی یەکتر ئەبوون. خێزانە مێروولەکە ڕۆژانە ئیشیان دەکرد بۆ ئەوەی بژێوی ژیانیان پێ دەستەبەر بکەن جیا لەمەش زیاتر خۆیان ماندوو دەکرد بۆ ئەوەی هەندێ زەخیرە بۆ وەرزی زستان کۆبکەنەوە تا لەڕۆژانی ساردو باوو بژو باران یاخود هەر کاتێکی تری تەنگانە پەکیان نەکەوێت. بەڵام خێزانە مشکەکە تەنها بیریان لەوە دەکردەوە کەوا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بژێوی ژیانیان هەڵبسوورێنن هەرگیز بیریان لەوە نەدەکردەوە وەکو مێروولەکانی هاوسێیان ڕۆژانە هەوڵی کۆکردنەوەی هەندێ زەخیرە بدەن بۆئەوەی لەکاتی تەنگانەو ڕۆژانی ساردو سڕی زستان سوودی لێ وەربگرن، تا ڕۆژێک لەڕۆژان ئەو خێزانە مشکە وا ڕێک دەکەوێت هەموویان نەخۆش دەکەون تەنانەت نەیان توانی بچنە دەرەوەی ماڵا بەڵکو هەندێ خواردن بۆ خۆیان پەیدا بکەن، بەڵام کاتێ مێروولەکانی هاوسێیان بەمەیان زانی چوونە سەردانی مشکەکان کە لە بارودۆخە ناخۆشەکەیان دڵنیابوون زۆر بەپەلە مێروولەکان چوون لە ماڵەکەی خۆیان هەندێ خواردنی خۆشیان بۆ مشکەکان هێنا، وە بەڵێنیشیان بە هەموو ئەندامانی خێزانە مشکەکەدا تا ئەوکاتەی باری تەندروستیان بەرەو باشی ئەچێتەوەو دێنە سەر دۆخی جاران هەموو ژەمێک خواردنی ئەوها خۆشیان لە ماڵەکەی خۆیان بۆ بهێنن. ئەندامانی خێزانە مشکەکە بەمە زۆر خۆشحاڵا بوون، تەنانەت بەشێک لە ئازاری نەخۆشەکەیان لەخۆشیا لەسەر کەم بۆوە بۆیە پڕ بە دڵا زۆر سوپاسی مێروولەکانیان کرد لە بەرامبەر ئەو چاکەیەی کە لە کاتی تەنگانەدا بەدەنگیانەوە هاتن .

...ڕۆژهاتو ڕۆژچوو مێروولەکان زۆر خزمەتی مشکەکانیان دەکرد تا ئەو کاتەی باری تەندروستیان هاتەوە سەر دۆخی جاران، دوای ئەمە مشکەکان سوودیان لەو بەسەرهاتە وەرگرت بۆیە بڕیارو بەڵێنیاندا لەمەودوا وەکو مێروولەکانی هاوسێیان جگە لەو خواردنەی ڕۆژانە چنگیان ئەکەوێتو بژێوی ژیانی ڕۆژانەیان پێ هەڵا ئەسوورێنن زیاتر خۆیان ماندوو بکەن بۆ ئەوەی ئەوانیش بتوانن هەندێ زەخیرە بۆ ڕۆژی تەنگانەو وەرزی زستانی سارد کۆبکەنەوەو ئیتر پەکیان نەکەوێت. مێروولەکان بەمە خۆشحاڵا بوون بۆیە دەستخۆشیان لێ کردنو ئینجا وتیان:- بەختەوەریو ئاسوودەیی ژیان سەرچاوەکەی لە کارکردنو تێکۆشانە .

..ئیتر ئەندامانی خێزانە مشکەکە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئیشیان دەکرد تا بە هەوڵاو ماندوو بوونێکی زۆر توانیان یەکێک لەژوورەکانی خۆیان پڕاو پڕ بکەن لە زەخیرە. ڕۆژێک لە ڕۆژانی ساردو سڕی زستان بەهۆی باوو بارانێکی زۆر ئەو ژوورەی کە مێروولەکان زەخیرەیان تیا کۆکردبووەوە هەموو بەر شاڵاوی باران کەوت تەنانەت مێروولەکان بە هەزاران حاڵا هەتا توانیان گیانی خۆیان زوو رزگار بکەنو ئینجا ناچاربوون ئەمجارەیان مێروولەکان هانا ببەنە بەر ماڵی مشکەی جیرانیانو ئەوانیش پڕ بە دڵا بەوپەڕی خۆشحاڵیەوە لە سەرچاوەکانی خۆیانیان بەخێر هاتن کردنو بە پێشوازیەکی زۆر گەرم بە مێروولەکانیان وت:- ماڵی ئێمە ماڵی ئێوەیەو ژوورەکانمان زۆر لە ژوورەکانی ئێوە فراوانترنو جێگای هەر هەمووومان تیا ئەبێتەوە، تەنانەت زەخیرەیەکی زۆریشمان کۆکردۆتەوە بۆماوەیەکی زۆر بەشی هەر هەموومان ئەکات هەتا زەخیرەکە کۆتایی پێدێت بە هاوبەشی پێکەوە دەیخۆین تا ئەو کاتیش کەشو هەوا دەگۆڕێتو ڕۆژانی ساردو باوو باران نامێنێتو ئینجا وەکو جاران دەچینە دەرەوەی ماڵاو دەست بەکارکردن ئەکەینەوە. مێروولەکان پڕ بە دڵا زۆر سوپاسی مشکەکانیان کردنو بەو وتانە زۆر خۆشحاڵا بوون .

...بەڵێ منداڵە ژیکەڵەکان ئێوەش لەگەڵا هاوسێکانتان ئەوها باش بن لەڕۆژانی تەنگانە بەدەنگ یەکترەوە بچن چونکە ڕۆژێک دادێت هەردوولا پێویستیتان بەیەکتر ئەبێت تا بەو شێوازە بتوانن سوود لەیەکتر وەربگرن

## جەژن

لە هۆنراوەکانی / حاتەم باتاسی

ئەمڕۆ جەژنەمنداڵینە — کاتی خۆشی و پێکەنینە
هەڵپەڕکێ و گۆرانی یە — دڵ پڕ لە کامەرانی یە
کوردستان ڕەنگاو ڕەنگە — لە گشت لایەک ئاهەنگە
بەرگی جوانتان پۆشی یە — ئای لەم هەموو خۆشی یە
لەو ناخە پڕ لە سۆزە — لێتان جەژنە پیرۆزە



# تەندروستی



## ئەناناس چارەسەری بەرزی ئاستی کۆلیسترۆڵ دەکات

میوەی ئەناناس بەهۆی بوونی بڕێکی باشی پێکهاتەی "برۆمیلین" ، سوودێکی تەندروستی گرنگ بە مرۆڤ دەگەیێنێت و بەرگریش لە نەخۆشیەکان دەکات.

ئەناناس لە نزیکەی ٧٥ یەکەی گەرمی و ٢٥ ملیگرام ڤیتامین "G" پێکهاتووە ، کە ئەمەش پێویستی ڕۆژانەی جەستە دابین دەکات لەلایەن هەرزەکارانەوە ، هەروەها لە "سیامین"و ترشی فۆلیک و ڤیتامین"B٦" و ئاسن و ماگنسیۆم پێکهاتووە.



تۆی ئەناناس بۆ چالاککردنی توانای هەرس بەکاردەهێنرێت ، وە ئارەزووی خواردن دەکاتەوە ، لەلایەکی تریشەوە پزیشکەکانی دەرمانی گیایی هندی ، گرنگیەکی تایبەت بە میوەی ئەناناس دەدەن لە چارەسەرکردنی نەخۆشیەکاندا ، وە دەڵێن" ئەناناس بەکاردێت بۆ نەهێلانی غازات و کەمکردنەوەی ترشی هیدرۆکلۆریک لەناو گەدەدا ، وە چارەسەری بەرزی ئاستی کۆلیسترۆل دەکات لەناو خوێندا.

بەپێی وتەی پزیشکەکان خواردنەوەی شەربەتی ئەناناس توانای هەرسکردن و سوڕی میز بەهێزدەکات ، وە تێکەلکردنی گەڵای ئەناناس لەگەل کۆپێک ئاو پاشان داخستنی سەری کۆپەکە بۆ ماوەی ١٠ خۆلەک و دواتر ئاوەکە خاوێن بکرێتەوە لە گەڵاکان ، ئینجا بخۆرێتەوە ئەوا باشترین سوودی تەندروستی هەیە ، بە مەرجێک ڕۆژانە دووجار ئەو ئاوە بخۆرێتەوە

## ترێ و باینجان باشترین چارەسەری پالەپەستۆی خوێنن

لێکۆلینەوەیەکی تازەی پزیشکی کە لە زانکۆی ئیست ئەنجلیای ئەمریکی و زانکۆی هارفارد ئەنجام دراوە ، ئامۆژگاری تووشبووانی پاڵەپەستۆی خوێن دەکاتەوە کە بەشێوەیەکی زۆرو بەردەوام میوەی ترێ بخۆن ، وتیشی پالەپەستۆی خوێن یەکێکە لە نەخۆشیەکانی سەرەکیەکانی دڵ و مۆلۆلەکانی خوێن لەسەرانسەری جیهاندا ، وە ساڵانە زیاتر لە 300 ملیار دۆلار بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیەکانی دڵ و جەڵتەی مێشک خەرج دەکرێت .



دەرئەنجامەکانی ئەم لێکۆلینەوەیە تازەیە ئەوەشیان ئاشکراکرد ، کە ئەو پێکهاتە چالاکە بیۆلۆژیای لەناو ترێدا هەیە ، بەتایبەت مادەی "ئەنسۆسیانین" ، بەرێژەیەکی فراوان پارێزگاری لە بەرزبوونەوەی پاڵەپەستۆی خوێن دەکات ، بە بەراورد لەگەل ئەوانەی میوەی ترێ ناخۆن . هەروەها خواردنی ترێ لە هەفتەیەکدا یەک جار ، ئەوا حالەتی پەرەسەندنی نەخۆشیەکە بە ڕێژەی ١٠ % کەم دەکاتەوە .

مادەی "ئەنسۆسیانین" کە پێکهاتەیەکی چالاکی بایلۆژییە ، بە ڕێژەیەکی بەرزیش لەناو فراولەو باینجان و شەربەتی پرتەقالدا هەیە ، وە هەروەها مادەی "فلافۆنیدات" کە هەمان سوودی هەیە لە پاراستنی ئاستی پالەپەستۆی خوێن ، لەناو ژمارەیەک میوەو خەزرەوات و ڕووەکی گیایدا هەیە ، وە بە ڕێژەیەکی بەرزیش لەناو شەربەتی میوەو چا و شکۆلاتەدا هەیە ، کە مەترسی تووشبوون بە نەخۆشیەکانی دڵ و مۆلۆلەکانی خوێن کەم دەکاتەوە .

بەپێی وتەی توێژەران ئەمە یەکەمین لێکۆلینەوەیە ، کە کاریگەری جۆرەجیاوازەکانی فلافۆنیدات لەسەر بەرزبوونەوەی پاڵەپەستۆی خوێن ئاشکرا دەکات ، وە تیمی توێژەرانی زانکۆی هارفاردو ئیست ئەنجلیا تاقیکردنەوەیان لەسەر حالەتی ١٣٤٠٠ ئافرەت و ٤٧ هەزار پیاو ئەنجامداوە کە بۆماوەی ١٤ ساڵ چاودێرییان دەکرا ، وە لەسەرەتای لێکۆلینەوەکەدا هیچ کەسێک تووشی بەرزی پاڵەپەستۆی خوێن نەبوون ، پاشان توێژەران هەلسان بەکۆکردنەوەی ڕاپۆرتی تەندروستی ئەو بەشداربوانە لەهەر دوو ساڵ جارێک لەگەل هەلسەنگاندنی بەکارهێنانی خۆراکیان لەهەر چوار ساڵ جارێک ، دواتر هەڵسان بە دەستنیشانکردنی ئەوانەی لەماوەی 14 ساڵدا تووشی بەرزی ئاستی پاڵەپەستۆی خوێن بۆنەتەوە لەسەر شێوازی بەکارهێنانی مادەی "فلافۆرنۆید" . لە کۆتایدا بۆ توێژەران دەرکەوت ، کە ئەوانەی بە ڕێژەیەکی باش پێکهاتەی "ئەنسۆسیانین" کە لەناو ترێ و فراولەدا هەیە بەکاریان هێناوە ، ئەوا کەمتر تووشی حالەتی بەرزبوونەوەی پاڵەپەستۆی خوێن بونەتەوە .

هەروەها پرۆفیسۆر ئەیدن کاسیدی لە بەشی خۆراک لە کۆلیژی پزیشکی زانکۆی ئیست ئەنجلیا وتی" ئەم لێکۆلینەوەیە بۆمانی ڕوونکردەوە کە بوونی ڕێژەیەکی بەرزی "ئەنسۆسیانین" ، دەکرێت یارمەتی پاراستنمان بدات لە مەترسی بەرزبوونەوەی پاڵەپەستۆی خوێن .

## چای سەوز ٢٠٠ جار لە ڤیتامین "A" کاریگەرترە



لێکۆلینەوەیەکی تازەی زانستی کە خانمە لێکۆلێنەری فەرەنسی ئەنجلیک هۆلبیر ، لە نێوان جۆرە جیاوازەکانی چا ، لەوانەش چای سەوزو سپیی و ڕەش ئەنجام داوە ، بۆی ئاشکرا بووە کە چای سەوز بە ڕێژەی ٢٠٠ جار زیاتر لە ڤیتامین "A" کاریگەرترە ، وە کاردەکات بۆ چالاککردنی هزروبیری مرۆڤ .

لێکۆلێنەر لەم لێکۆلینەوەیەدا وتی" ئەو کەسانەی لە دوای نانخواردن لە ڕۆژێکدا دووجار چای سەوزیان خواردووتەوە ، ئەوا ئاستی چەوری لەناو مێشکیاندا کەمتربووتەوە .

هۆلبیر ئاماژەشی بەوەدا ، کە چای سپی بەهۆی ڕۆلی مادەی "کاتشین" ، ڕێگە لە هەندێ ئەنزیمی بەرپرس لە کەمکردنەوەی کۆلاجین کە بەرگری لە جەستە دەکات دەگرێت .

هەروەها ناوبراو وتیشی ، چای ڕەش بەرگری لە کۆلیسترۆل دەکات ، بەلام خواردنەوەی لەگەل ماست دا هیچ سوودێکی نییە ، چونکە توانای مژینی مادەی "کاتشین" لەلایەن جەستەوە کەم دەکاتەوە .

جێی باسە چا ڕووەکێکی کێویەو بەرزیەکەی دەگاتە ١،٨ مەتر ، وە زیاتر لە ٣٠٠ جۆری چا لە جیهاندا هەن ، وە هەر جۆرێک ناو و سیفەتی تایبەتی خۆی هەیە .

سەرچاوە : کوردستان تی ڤی



# وتەی زانایان







من هەموو سەرکەووتنەکانم قەرزداری ئەو ئومیدانەم کە لە قۆناغی لاوێتیدا لە دلمدا چاندم بوو.

بەختەوەری لە ئەوە دایە مرۆڤ بزانیت چی دەوێ و ئەوەی ئارەزویەتی بە دل و بە گیان بیت.

رەمز و سەرکەوتنتان تەنها ویست و ئیرادەیە.

هیچ رۆژیک لە ئەمرۆ بە نرخ تر نییە.



خۆشەویستی میوەی هەموو وەرزیکە لەبەر دەستی هەمووان دایە.

ئەگەر بتەوێت تۆیان خۆش بوێ . خۆشت بوێن وخۆشەویست بە.

زەردەخەنە جوانترین ئارایشی ڕووخسارە.



پینووس کاریگەرترن چەکە.

دنیا ئەوندە پر لە فرەوانییە کە چارەیەکتان نییە بێجگە لە شادی کردن.

لە تاریکیدا کە چا و دەست بە بینین دەکات نرخی چاو دەردەکەوێت.

تەنها بۆ مرۆڤی گەشبین ، خۆ دروست کردن بۆ داهاتوو مومکینە.



دەبێ بژی بۆ نوسین نەک بنوسی بۆ ژیان.

خراپترین خەمەکان گوومان و دوو دلییە.

لیبوردن لە هەلەکان تۆلە سەندنەوەیەکی نەرمە.



لە نێو دلی خۆت دا بنووسە هەموو رۆژێک باشترین و خۆشترین رۆژی سالە.

ژیان بە دیهێنانی بەرهەمی ئەمرە.

رۆژگار زۆر مێهرەبانە بۆ کەسێک کە بزانێ کاتی خۆی چۆن و بەچی تێپەڕ بکات.

بەختەوەری خێزانی درێژ خایەنترین و پتەو ترین و شیرین ترین بەختەووەرییە.

تەنها بێ دەنگی دەم گەیێنیتە زانین.

لەگەل خەلکی تر پێکەنە نەک پێیان پێکەنی .



# پەندی پێشینان





وەختێک ئەزانی مانای حەوسەڵە
بە کەوچکە ئاوی نەکەویە مەلە!

میوان نایەوێ سفرەت ڕەنگین بێ!
نانت جۆیین بێ و خوڵقت گەنمین بێ!

بۆ ئەم نەزیلەش گوێ ڕابدێرە
چێشتی پڕ کابان، بێخوێ یا سوێرە

کەسێ نەگبەتی بێتە سەر شانی
پەڵووڵە بخوات، دەشکی ددانی

ئاو بتبا مەچۆ سەر پردی نامەرد
چش با بخنکێی بە سەد ئێش و دەرد

دار وشک دەبێ بە ئاواتی باز
جارێک لەسەری بخوێنێ ئاواز

بیستوومە پارو لە زار بکەوێ
بۆ کۆش چاکترە، نەک ئێرەو ئەوێ

بچۆرە جێیەک هیچ کەس نەتناسێ
خۆت هەڵبکێشە پڕ بە کراسێ

لە قەدیمەوە ئەم قسە قاوە:
"کوێر هەتا دەمرێ، بەتەمای چاوە"

ئەمەش فەرمودەی قەدیمیەکانە
بەرد لە جێگای خۆی قورس و گرانە

لە شارو لادێ ئەم نەقڵە باوە
گیای شین بە جێگای سەختەوە ماوە

دووڕوو هەروایە پیشەو ڕەفتاری
هەم لە ناڵ ئەدات، هەم لە بزماری

لەلایەن:دیلان



# رۆژژمێری مێژووی کوردستان - مانگی پووشپەڕ ( مەی و ژوئەنی)




ئامادە کردنی : رەحمان نەقشی

| | | |
|---|---|---|
| ١ | ٢٢ی مای ٢٠٠٩ | کۆچی دوایی قادر عەبدوڵلازادە(قالەمەڕە) هونەرمەندی شمشاڵژەنی ناوداری کورد لە شاری بۆکان. |
| ٢ | ٢٢ی مای ٢٠٠٥ | ساڵرۆژی دامەزرانی پارتی ئازادی کوردی سووریە. |
| ٣ | ٢٢ی مای ١٩١٩ | راگەیاندراوی ژمارە ١ لەلایەن حکوومەتی شێخ مەحمود دەربارەی شەری بازیان . |
| ٤ | ٢٢ی مای ١٩٩٢ | راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی کوردستان بە (٥٠%) بۆ هەریەکە لە یەکێتی و پارتی . |
| ٥ | ٢٢ی مای ٢٠٠٠ | بریاری وەزارەتی دادی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی لە دادگا،فەرمانگەکان و وەزارەتەکەکان. |
| ٦ | ٢٣ی مای ١٩١٩ | مەحمود خانی دزڵی بۆ رزگارکردنی شاری سلیمانی بە (٣٠٠) چەکدارەوە لەناوچەکانی هەورامانەوە گەیشتە شاخی کوێژە. |
| ٧ | ٢٣ی مای ١٩٩٢ | کۆچی دوایی هۆزانوان مەحەمەد کەریم قادر ناسراو بە(نەسرەوی)لەشاری کەرکوک . |
| ٨ | ٢٣ی مای ١٩٨٩ | ماڵئاوایی لوتفی شاعیر (شێخ لەتیف شێخ رەزا بەرزنجییە) شاعیری کلاسیک، نوسەر و وەرگێری بە توانای کورد |
| ٩ | ٢٣ی مای ١٩٦٠ | کۆچی دوایی سەعید بەدیمولزەمان نوسەر،زانا و تێکۆشەری نیشتمانپەروەری کورد لە شاری ئوورفە لە باکووری کوردستان. |
| ١٠ | ٢٤ی مای ٢٠٠٦ | دەست بە کار کردنی کاناڵی ئاسمانی تیشک تی ڤی سەر بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. |
| ١١ | ٢٤ی مای ١٩٨٩ | کۆچی دوایی ئەحمەد شوکری ناسراو بە د.شۆ شاعیری بە توانای کورد. |
| ١٢ | ٢٤ی مای ٢٠٠٣ | بەرێوەچوونی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانی بۆ یەکەم جار لەشاری کەرکوک. |
| ١٣ | ٢٥ی مای ٢٠٠٥ | ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتی دێموکراتی کوردستان (رۆژهەڵاتی کوردستان.) |
| ١٤ | ٢٦ی مای ١٩١٩ | ئازاد کردنی شاری هەڵەبجە لەلایەن شۆرشگێرەکانی شێخ مەحمود. |
| ١٥ | ٢٦ی مای ١٩٩٣ | تیرۆری رەئوف کامیل ئاکرەیی رۆشنبیر ، چالاکوانی سیاسی و رۆژنامەنوسی بەتوانای بادینان لەشاری دهۆک |
| ١٦ | ٢٧ی مای ١٩٢٥ | لەسێدارەدانی فوئاد شێخ عەبدولقادر شەمزینی و (٨٩) کەس لەشۆرشگێران لەلایەن ریژێمی تورکیە. |
| ١٧ | ٢٩ی مای ٢٠٠٨ | کردنەوەی کۆنگرەی یەکەمی یەکێەتی پارلەمانتارانی کوردستان لە شاری هەولێر. |
| ١٨ | ٢٩ی مای ٢٠١٠ | کۆچی دوایی تێکۆشەر و چالاکی سیاسی دیرینی رۆژهەلاتی کوردستان حەمەدمین سیراجی لە ستۆکۆڵمی سوئید. |
| ١٩ | ٣٠ی مای ١٩٣١ | دەستگیرکردنی تێکۆشەر و نیشتمانپەروەر مەحموود خانی دزلی، و رەوانەی شاری بەغدا کرا. |
| ٢٠ | ٣٠ی مای ٢٠١٠ | کۆچی دوایی دوکتور ڤیرا بیۆدین سەعیدپوور چالاکوانی بواری فەرهەنگی کوردی جوولەکە، دامەزرینەری مۆزەخانەی کوردیی و کتێبخانەی کوردیی کە یەکەمین کتێبخانەی کوردی بوو لە رۆژاوادا لە باکووری هەرێمی نیوویۆرک، |
| ٢١ | ٣١ی مای ٢٠٠٤ | کۆچی دوایی دارۆی شێخ نووری چالاک و بەندکراوی سیاسی کورد و ئەندامی دەستەی سکرتاریای یەکیەتی قوتابیانی کوردستان. |
| ٢٢ | ٣١ی مای ٢٠٠٥ | تیرۆری دوکتور محەممەد مەعشوق خەزنەوی کەسایەتی نیشتمانپەروەری ئەندامی(یەکێەتی رۆشنبیرانی کورد، ولێژنەی مافی مرۆڤ کورد)،شاری قامیشلۆ. |
| ٢٣ | ٣١ی مای ٢٠٠٩ | ماڵئاوایی حسێن میسری دەرهێنەری لێهاتوو و بەتوانای بواری شانۆ و دراما و زنجیرە تەلەفزیۆنییەکانی کوردی لەشاری سلێمانی. |
| ٢٤ | ٣١ی مای ١٩٤٦ | دەستنیشان کرانی مەلا مستەفا بارزانی وەکو ژەنرال لەسوپای کۆماری کوردستان لەلایەن پێشەواقازی محەممەد سەرۆک کۆماری کوردستان |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٥ | ٣١ی مای ١٩٩٦ | دیاریی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئامریکا بە نووسەری کورد یەشار کەمال بۆ نووسینی کتێبی (سەربەستی بیروڕا). |
| ٢٦ | ١ی ژووئەنی ١٩٥٢ | ڕۆژی نیونەتەوەیی منداڵان. |
| ٢٧ | ١ی ژووئەنی ١٩٦٥ | ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان. |
| ٢٨ | ١ی ژووئەنی ١٩٩٢ | کۆچی دوایی خاتوو ڕەوشەن بەدرخان نووسەر و وەرگێری کورد. |
| ٢٩ | ١ی ژووئەنی ١٩١٩ | چوونی کۆمەڵێک لەڕێبەرانی کۆمەڵەی تەعالی کوردستان کە پێکهاتبوون لە شێخ عبدالقادری شەمزینی و ئەمین عالی بەدرخان و موراد بەدرخان بۆ دانیشتن لەگەڵ گەورە کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی دەربارەی مافەکانی گەلی کورد. لە شاری ئەستەمبوڵ. |
| ٣٠ | ١ی ژووئەنی ١٩٤٧ | بڵاو کردنەوەی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان لە سەردەمی کۆماری کوردستان لەشاری مەهاباد. |
| ٣١ | ١ی ژووئەنی ١٩٥٨ | کردنەوەی بەشی کوردی رادیۆی قاهیرە. |
| ٣٢ | ١ی ژووئەنی ١٩٧٠ | چاپ و بڵاو کردنەوەی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری برایەتی. |
| ٣٣ | ١ی ژووئەنی ١٩٧١ | یەکەمین ژمارەی گۆڤاری ڕۆژی کوردستان لەشاری بەغدا لەلایەن ساڵح یوسفی بڵاوکرایەوە. |
| ٣٤ | ٢ی ژووئەنی ١٩٩٧ | چاپ و بڵاوکراوەی ژمارە سفری ئایندە. |
| ٣٥ | ٢ی ژووئەنی ١٩٩٧ | کۆچی دوایی کەماڵ سابیر هونەرمەندی نیشتمانپەروەر و لێهاتووی کومیدی کورد لە شاری سلیمانی. |
| ٣٦ | ٢ی ژووئەنی١٩٨٠ | گوڵەباران کردنی ٥٩ لاوی کورد لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێران لە شاری مەهاباد. |
| ٣٧ | ٣ی ژووئەنی ١٩٤٠ | بڵاو کردنەوەی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی خورماڵ لە لایەن مامۆستا شاکر فەتاح. |
| ٣٨ | ٤ی ژووئەنی ١٨٨١ | زیندانی کرد شێخ عوبەیدوڵای نەهری لە لایەن کاربەدەستانی عوسمانی لە شاری ئەستەمبوڵ. |
| ٣٩ | ٤ی ژووئەنی ١٩٩٢ | بەڕێوە چوونی یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان. |
| ٤٠ | ٥ی ژوئەنی ٢٠٠٨ | کۆچی دوایی مەلاخدر دۆڵەگەرمی(خدرعومەرزادە)تێکۆشەری دێرینی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە وڵاتی نۆرۆێژ. |
| ٤١ | ٥ی ژووئەنی ١٩٦٣ | کۆچی دوایی مامۆستای نووسەر عبداللە عەزیز هەولێری. |
| ٤٢ | ٥ی ژووئەنی ١٩٧٢ | دەرچوونی گۆڤاری ئەستێرە پاشکۆی گۆڤاری (کوردستان) لەلایەن ساڵح یوسفی. |
| ٤٣ | ٥ی ژووئەنی ١٩٧٨ | کۆچی دوایی عەزیز یوسفی تێکۆشەری سیاسی ١٩ ساڵ بەندی سیاسی لەبەدیخانەی ڕیژیمی پاشایەتی ئێران، لە شاری مەهاباد. |
| ٤٤ | ٥ی ژووئەنی ١٩٨٤ | بۆمبارانی شاری بانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن ڕێژیمی دیکتاتوری بەعسی سەددام حوسێن عێراق. |
| ٤٥ | ٦ی ژووئەنی ١٩١١ | بڵاوبوونەوەی گۆڤاری ڕۆژی کورد. |
| ٤٦ | ٦ی ژووئەنی ١٩١٣ | دەرچوونی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری هەتاوی کورد. |
| ٤٧ | ٦ی ژووئەنی ١٩٨٩ | دەستگیر و زیندانی کردنی مامۆستا ناسری سوبحانی لەشاری سنە. |
| ٤٨ | ٦ی ژووئەنی ١٩٨٩ | گواسترانەوە خەڵکی ناوچەی (پشدەر) بۆ کۆمەڵگا زۆرە ملێکانی شارەکانی هەولێرو سلێمانی لە لایەن ڕێژیمی بەعسی عێراق. |
| ٤٩ | ٦ی ژووئەنی ١٩٩٧ | کەوتنە خوارەوە دوو فرۆکەی هێزەکانی ئاسمانی تورکیە لە لایەن پێشمەرگەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان(پ.ک.ک). |
| ٥٠ | ٧ی ژووئەنی ١٩٢٣ | نامەی دووهەمی شێخ مەحمودی حەفید بو لینین سەرۆکی سۆڤیەت بەمەبەستی پشتگیری کردنی لە خەباتی گەلی کورد. |
| ٥١ | ٧ی ژووئەنی ١٨٢٧ | کۆچی دوایی مەولانا خالیدی نەقشبەندی زانای ئاینیی و نوسەری کتیب و شێعری ئاینیی. |
| ٥٢ | ٨ی ژووئەنی ١٩٨٢ | ماڵئاوایی محەممەدەمین کاردۆخی شاعیری بەناوبانگی کورد. |
| ٥٣ | ٨ی ژووئەنی ١٩٩٩ | دادگای باڵای تورکیە لە دوورگەی ئیمرالی حوکمی لەسێدارەدانی بەسەر عەبدوڵا ئۆجەلان سەپاند. |
| ٥٤ | ٩ی ژۆوئەنی ١٩٤٧ | ڕوودانی شەڕ لە چیای سۆسزۆ لە دەشتی ماکۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوان پێشمەرگەکانی کوردستان و هێزەکانی نیزامی ئێران. |
| ٥٥ | ٩ی ژۆوئەنی ١٩٦٣ | شەهید کردنی(٨٣) کورد بەفرمانی زەعیم سدیق فەرماندەی ڕژێمی بەعس لە شاری سلێمانی. |
| ٥٦ | ٩ی ژۆوئەنی ٢٠٠٤ | ئازاد کردنی لەیلا زانا ژنە نیشتمانپەروەری کوردی باکووری کوردستان و هاوڕێیانی پاش ١٠ ساڵ بەندکردن لە زیندانی دەوڵەتی تورکیە. |
| ٥٧ | ٩ی ژۆوئەنی ١٩٦٣ | کۆچی دوایی حاجی باقی حاجی ساڵحی مەنگوڕ مامۆستای خەباتگێڕ و زانای لێهاتووی بواری زانستی بیرکاری بەدەست سوپای بەعسی دیکتاتور لە ئۆردووگای سلێمانی. |
| ٥٨ | ١٠ی ژووئەنی ١٩٧٠ | ساڵرۆژی دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان.لە باشووری کوردستان. |
| ٥٩ | ١١ی ژووئەنی ١٩٦٣ | هێرشی ڕێژیمی دیکتاتوری بەعسی عێراق بۆ سەر کوردستان وێران کردنی نزیکەی (٩٠٠ ) گوند و دێهات. |
| ٦٠ | ١١ی ژووئەنی ١٩٩٩ | دامەزراندنی لقی هەولێری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی عێراق. |
| ٦١ | ١٢ی ژووئەنی ١٩٥٣ | بەڕێوە چوونی خۆپێشاندانێکی گەورە خەڵکی شاری مەهاباد لەدژی ڕێژیمی پاشایەتی ئێران. |
| ٦٢ | ١٢ی ژووئەنی ٢٠٠٧ | دامەزراندنی کۆمەڵەی دادوەرانی کوردستان لە شاری هەولێر. |
| ٦٣ | ١٢ژوئەنی ٢٠١١ | هەڵبژادەنەکانی پارڵەمانی تورکیە و سەرکەوتنی بەرچاوی بەربژاردەکانی کورد لە باکووری کوردستان. |
| ٦٤ | ١٣ی ژووئەنی ١٩٣٠ | هەڵگیرسانی شۆڕشی ئارارات بە ڕێبەرایەتی ئیحسان نوری پاشا دژی ڕێژیمی داگیرگەری تورکیە. |
| ٦٥ | ١٣ی ژووئەنی ٢٠٠٥ | دامەزرانی کاناڵی ئاسمانی زاگرۆس تی ڤی سەربە پارتی دیموکراتی کوردستان لە باشووری کوردستان. |

| | | |
|---|---|---|
| ٦٦ | ١٤ی ژووئەنی ٢٠٠٥ | پارلەمانی هەریمی کوردستان بۆ یەکەم جار مەسعود بارزانی وەک سەرۆکی هەریمی باشووری کوردستان هەڵبژارد. |
| ٦٧ | ١٥ی ژووئەنی ١٩٨٠ | جودا بوونەوەی تاقمی ٧ کەسی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هاندانی حیزبی توودەی ئێران |
| ٦٨ | ١٦ی ژووئەنی ١٩٨٢ | کۆچی دوایی مامۆستا سادق بەهائەدین ئەدیب و مامۆستای پەروەردەکار. و لێکۆڵەرەوە وێژەی کوردی |
| ٦٩ | ١٦ی ژووئەنی ٢٠٠٨ | خەڵاتی ئەنجومەنی قەڵەمی باسکی ئیسپانیا بە عەدنان حەسەن پوور و هیوا بوتیمار.زیندانیانی سیاسی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان. |
| ٧٠ | ١٦ی ژووئەنی ١٩٨٨ | کۆچی دوایی عومەر حەوێزی سەرنووسەر رۆژنامەی دەنگی کورد. |
| ٧١ | ١٧ی ژووئەنی ١٩٨٠ | دەست پێکردنی یەکەمین بەرنامەی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران لە دۆڵی شێخانی ناوچەی مەنگورانی مەهاباد. |
| ٧٢ | ١٧ی ژووئەنی ١٩٩٢ | داگرت و دابەزاندنی ئاڵای ریژێمی عێراق لە دامو دەزگاکانی باشووری کوردستان . |
| ٧٣ | ١٨ی ژووئەنی ١٩٧٣ | ماڵئاوایی حەسەن فەهمی جاف نووسەری لێهاتووی کورد. |
| ٧٤ | ١٨ی ژووئەنی ١٩٦٢ | کۆچی دوایی ئەسیری(عەبدولخالق حوسێن نەقشبندی) شاعیری نەتەوەیی و ناودار لە شاری کەرکوک. |
| ٧٥ | ١٩ی ژووئەنی ١٩٤٧ | لە سێدارەدانی چوار ئەفسەری نیشتمانپەروەری کۆماری کوردستان: محەممەد قودسی،مستەفا خوشناو،عیزەت عەبدولعەزیزو خەیروڵا عەبدولکەریم بە دەست کاربەدەستانی ریژیمی عێراق |
| ٧٦ | ١٩ی ژووئەنی ١٩٥٠ | کۆچی داویی پیرەمێرد شاعیری نیشتمانپەروەی کورد لە شاری سلێمانی |
| ٧٧ | ١٩ی ژووئەنی ١٩١٩ | بەدیل گێرانی شێخ مەحموود بە بریندارى لە شەری دەربەندی بازیانی شاری سلێمانی بەدەست ئینگلیزەکان و دورخرانەوەی بۆ هیندوستان. |
| ٧٨ | ١٩ی ژووئەنی ١٩١٣ | چاپ و بڵاوکردنەوەی یەکەمین ژمارەی رۆژنامەی رۆژی کورد. |
| ٧٩ | ١٩ی ژووئەنی ١٩٧٠ | دامەزراندنی کۆمەڵەی رۆشنبیری کورد لەشاری بەغدا. |
| ٨٠ | ١٩ی ژووئەنی ١٩٧٨ | کۆچی دوایی خالید زامدار هونەرمەندی بە توانا لەشاری سلێمانی. |
| ٨١ | ٢٠ی ژووئەنی ١٩٦٣ | ماڵئاوایی ئەنوەر مائی شاعیرو مێژوونووسی کورد. |
| ٨٢ | ٢٠ی ژووئەنی ١٩٧٤ | کۆچی دوایی مامۆستا مەلا ساڵحی گۆزەپانکەیی زانای بەناوبانگی کورد. |
| ٨٣ | ٢٠ی ژووئەنی ١٩٢٢ | دامەزرانی کۆمەڵەی کوردستان لە لایەن مستەفا پاشا بەنهێنی لەشاری سلێمانی. |
| ٨٤ | ٢١ی ژووئەنی ١٩٣٢ | شێخ ئەحمەدی بارزان) و (٤٠٠) پێشمەرگە دوای هێرشی ئینگلیزەکان پەنایان بردە بەر وڵاتی تورکیە. |




دراو( پول)
بەدراو دەتوانی ماڵ بکرێ ، بەڵام جێگای ژیان نا
پێداویستی نووستن بکری ، بەڵام خەو نا
کات ژمێر(ساعەت) بکرێ ، بەڵام کات نا
کتێب بکری ، بەڵام زانست و زانیاری نا
بەرپرسایەتی (مقام) بکرێ ، بەڵام رێزو حورمەت نا
دەوا و دەرمان بکرێ ، بەڵام تەندروستی و سەلامەتی نا
خوێن بکرێ ، بەڵام ژیان نا
و هەروەها...
دەتوانی دڵ بکرێ ، بەڵام ئەوین و عەشق نا ...!!!
چارلی چاپلین
رەحمان نەقشی